زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
Salahaddin University-Erbil

**کۆلێژی زانستە سیاسییەکان**

**بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی**

**وانەی:**

# دەروازەیەکی کلاسیکی بۆ زانستی سیاسەت

**مامۆستای وانە:**

**م.سەروەر حەمە ئەحمەد**

**ساڵی خوێندنی:**

**٢٠٢٢ بۆ ٢٠٢٣**

# باسی یەکەم:

# ناساندنی چەمکی سیاسەت

### ❖ چەمکی سیاسەت:

زاراوەی سیاسەت لە زمانی کوردیدا هاوتای وشەی (ڕامیاری)ـیە، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (السياسة)ی زمانی عەرەبی وەرگیراوە. لە زمانی ئینگلیزی وشەی (Politics) و، لە زمانی فەڕەنسیشدا وشەی (Politiqua) لە بەرانبەر وشەی سیاسەت بەکاردەهێنرێت.

هەردوو وشەی (Politics)ـی ئینگلیزی و، (Politiqua)ـی فەڕەنسی لە وشەیەکی زمانی یۆنانی وەرگیراون، کە ئەویش وشەی (پۆلیس/ Polis)ـە، کەلای یۆنانیە کۆنەکان بەواتای (شار) بەکارهاتووە. بەڵام شار لەلای یۆنانیە کۆنەکان بە دوو واتای تاڕادەیەک جیاواز لەیەکتر بەکارهاتووە، ئەوانیش:

یەکەم/ واتایەکی ماددی: کە ئاماژەیە بۆ سەرجەم ئەو شەقام و گۆڕەپان و تەلارانەی کە شاریان لێ پێکهاتووە.

دووەم/ واتایەکی مرۆیی و یاسایی: کە ئاماژەیە بۆ سەرجەم ئەو هاووڵاتیانەی کە شاریان پێکهێناوە. وشەی سیاسەتیش لە واتای دووەمی وشەی شاری یۆنانیە کۆنەکانەوە هاتووە.

هاوکات یۆنانیە کۆنەکان چەند وشەیەکیتریان لە وشەی (Polis/ پۆڵیس)ـەوە داتاشیوە و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بەکاریان هێناوە، وەکوو:

١) (پۆڵیتایا/ Politeia): کە بەواتای دەوڵەت، دەستوور، سیستەمی سیاسی، کۆمار، هاووڵاتیبوون (هاوشاریبوون) دێت.

٢) (پۆڵیتیکا/ Politica) کە بەواتای کاروبارەکانی شار، کاروبارە گشتیەکان کە پەیوەندی هەبێت بە دەستوورو سیستەمی سیاسی و سەروەرییەوە دێت.

٣) (پۆڵیتیکە/ Politike) کە بەمانای زانستی سیاسی (زانستی شار) دێت.

### ❖ پێناسەی چەمکی سیاسەت:

بەگشتی کارێکی تاڕادەیەک زەحمەتە بتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چەمکی سیاسەت بکەین، چونکە بۆچوونی بیرمەندان و زانایان سەبارەت بە جەوهەری چالاکی سیاسەت لەیەک جیاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لە ڕووانگەی سێ ئاراستەی جیاوازەوە پێناسەی چەمکی سیاسەت بکەین، بەم شێوەیە:

### ئاڕاستەی یەکەم/ سیاسەت بە حوکمکردنی دەوڵەت (حكم الدولة) پێناسە دەکات:

ئەم ئاراستەیە پێناسەی سیاسەت بە دەوڵەتەوە دەبەستێت، بۆیە دیاردەی سیاسی لای ئەم ئاڕاستەیە بریتییە لە هەر کار و چالاکیەک کە پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەبێت. واتە هەندێک لە فەرهەنگ و زانایان پێناسەی سیاسەت بە چالاکی فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەت دەبەستنەوە، لەو بڕوایەوە کە حوکمکردنی دەوڵەت بریتییە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی دەرکردنی چەند فەرمان و بڕیار و یاسایەکەوە لە پێناو یەکخستنی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا و پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگا، پاشان بەدیهێنانی بەرژەوەندی و چاکەی گشتی هەموو کۆمەڵگا. هەموو ئەم چالاکیانەش _واتە ڕێکخستنی کۆمەڵگا و یەکخستنی بەرژەوەندییەکان و پاراستنی سەقامگیری و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی_، لەلایەکەوە واتای چالاکی سیاسەت بەرجەستە دەکەن، و لەلایەکیتریشەوە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو بەرهەم دەهێنن کە پێی دەوترێت دەوڵەت.

هەر لە چوارچێوەی ئەم ئاراستەیەدا بیرمەندی ئیتاڵی (برۆنیتۆ لاتینی/ Brunetto Latin) دەڵێت: (سیاسەت بریتییە لە حوکمکردنی شارەکان). لە ئەنسکلۆپیدیای گەورەی فەڕەنسیشدا هاتووە کە (سیاسەت بریتییە لە هونەری حوکمکردنی دەوڵەت).

فەرهەنگی (ڕۆبێرت/ Robert) دەڵێت: (سیاسەت هونەری حوکمکردنی کۆمەڵگا مرۆییەکانە). جا مەبەست لە کۆمەڵگایی مرۆیی (شار) بێت یان (دەوڵەت) یان هەر جۆرێکیتر لە کۆمەڵگای ڕێکخراو. وە فەرهەنگی (ئەکادیمی فەڕەنسا)ش دەڵێت: (سیاسەت بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە فەرمانڕەوایی کردنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی دەوڵەتەوە هەیە).

فەرهەنگی (لیتریە/ Littre) پێناسەی سیاسەت دەکات بەوەی کە بریتییە لە زانستی حوکمکردنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت بە دەوڵەتانیترەوە. هەروەها دەڵێت: (سیاسەت بریتییە لە بەشداریکردن لە کاروبارە گشتییەکانی دەوڵەتدا). فەرهەنگی (فەلسەفی سۆڤیەتی)ش پێناسەی سیاسەت دەکات بەوەی کە بریتییە لە بەشداریکردن لە کاروبارەکانی دەوڵەت و، دەسنیشاکردنی شێواز و ئەرک و پێکهاتەی چالاکییەکانی دەوڵەت.

### ئاڕاستەی دووەم/ سیاسەت بە پیادەکردنی دەسەڵات (ممارسة السلطة) پێناسە دەکات:

ئەم ئاراستەیە پێناسەی سیاسەت دەبەستێت بە (دەسەڵات)ـەوە، بۆیە دیاردەی سیاسی لای ئەم ئاڕاستەیە بریتییە لە هەر کارو چالاکیەک کە پەیوەندی هەبێت بە دەسەڵاتەوە. واتە بە

دید و تێڕوانینی هەندێک لە زانایان و بیرمەندان وتەیەکی ڕاستە کە بڵێین سیاسەت چالاکیەکە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا ئەنجامی دەدات، بەڵام ئەم چالاکیە هەموو جارێک لە چوارچێوەی حوکمکردنی دەوڵەت و لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیدا ئەنجام نادرێت، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆمەڵگا لە چەندین گروپ و کۆمەڵەی جیاجیای نەتەوەیی، ئاینی، فیکری، ئابووری و پیشەیی ... هتد. پێکدێت و هەریەک لەم گروپ و کۆمەڵانەش بەرژەوندی جیاجیایان هەیە، بۆیە هەریەکەیان هەوڵدەدات بەرژەوەندیەکانی خۆی بەدیبهێنێت. لەم پێناوەشدا ئەم گروپانە ململانێ لەگەڵ یەکدی دەکەن و هێز و دەسەڵاتیان لە دژی یەکتر بەکاردەهێنن، تاکوو لە ململانێکەدا بەسەریەکتردا سەربکەون، هەموو ئەم چالاکیانەش پێیان ئەوترێ سیاسەت. لە بەرانبەر هەموو ئەمەشدا دەزگاکانی دەوڵەت هەندێکجار بۆ کۆتایهێنان بەو ململانێیانە و پاراستنی ئارامی و سەقامگیری وڵات و سەپاندنی یاسا و بڕیارەکان، هێز و دەسەڵات لە دژی ئەو گروپ و کۆمەڵانە بەکاردەهێنێت.

هێزو دەسەڵاتی دەزگاکانی دەوڵەتیش دوو واتای هەیە واتایەکی ماددی و واتایەکی مەعنەوی، **دەسەڵاتی دەوڵەت بەواتا مادییەکەی** بریتییە لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپا و بەندیناخانە و دادگا و توانا ئابوورییەکان، بۆیە بەم دەسەڵاتەی دەوڵەت دەوترێت (هێزی ناچارکردنی ماددیی - قوة الإكراه المادي). چونکە بەم هێزە دەوڵەت سەرجەم کەس و گروپ و کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگا ناچار دەکات کە گوێڕایەڵ و ملکەچی یاسا و بڕیارەکانیبن. وە **دەسەڵاتی دەوڵەت بە واتا مەعنەوییەکەی** بریتییە لەسەروەری و باڵادەستی دەزگاکانی دەوڵەت بەسەر سەرجەم کەس و گروپ و کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگا. واتا دەزگاکانی دەوڵەت دەکەونە سەرەوەی کۆمەڵگا و مافیان هەیە کە یاسا و بڕیارەکان دروستبکەن و سەرجەم کەس و گروپ و کۆمەڵەکان ناچاری گوێڕایەڵی و ملکەچی ئەو یاسا و بڕیاریارانە بکەن.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەی سەرەوەدا، هەندێک لەزانایان لەو باوەڕەدان کە بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر لە سیاسەت تێبگەین پێویستە پێناسەی سیاسەت بە (دەسەڵات)ەوە ببەستین نەک (دەوڵەت)، چونکە هێز و دەسەڵات ئەو دیاردەیەیە کە سەرجەم گروپ و کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگا و دەزگاکانی دەوڵەتیش بەکاری دەهێنن. کەواتە چالاکی سیاسەت زیاتر پەیوەندی بە پیادەکردنی دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەڵات و ململانێ لەسەرکردنی دەسەڵات و پاراستی دەسەڵاتەوە هەیە نەک تەنیا پەیوەندی بە حوکمکردنی دەوڵەتەوە هەبێت.

بۆیە دەبینین زانا و بیرمەندە نوێیەکانی سیاسەت، پێناسەی سیاسەت بە دەسەڵاتەوە دەبەستن، بۆ نموونە زانای ئەمەریکی (هارۆڵد لاسوێل/ H.Lasswell) پێناسەی سیاسەت دەکات کە بریتییە لە: (پەیوەندییەکانی دەسەڵات یان هێز لە نێوان خەڵکیدا). لەگەڵ ئەوەی (کێ چی دەست دەکەوێ، کەی و چۆن؟). هەروەها لاسوێل لەگەڵ (ئەبراهام کابلان/ A.Kaplan) دەڵێن: (کاری سیاسی هەر کارێکە کەلە دیدگای دەسەڵات یان هێزەوە ئەنجام بدرێ).

(مۆسۆلینی/ Mussolini)ش لە پێناسەی سیاسەتدا دەڵێت: (سیاسەت هونەری وەرگرتنی دەسەڵاتە). لای بیرمەندی میسری (د. بطرس بطرس غالي): (سیاسەت هەر شتێکە کە پەیوەندی بە پیادەکردن و ململانێ لەسەرکردن و بەدەستهێنان و بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە هەبێت). وە بیرمەندی ئیتالی (نیکۆلۆ مەکیاڤیلی/ Niccolò Machiavelli) لە پێناسەی سیاسەتدا دەڵێت: (سیاسەت هونەری گەیشتن بەدەسەڵات و مانەوە لە دەسەڵاتە).

**ئاراستەی سێیەم/ سیاسەت؛ بریتییە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە چوارچێوەی دەوڵەتدا:**

ئەم ئاراستەیە هەوڵی داوە شێوە گونجاندنێک لە نێوان ڕای جیاوازی هەردوو ئاراستەکەی پێشودا دروستبکات. بۆیە بە ڕای ئەم ئاراستەیە ئەگەر بڵێین: (سیاسەت بریتییە لە حوکمکردنی دەوڵەت)، ئەوا حوکمکردن و فەرمانڕەواییکردن تەنیا بە بوونی دەسەڵاتێکی ڕێکخراو ئەنجام دەدرێت. وە ئەگەریش بڵێین: (سیاسەت بریتییە لە پیادەکردنی دەسەڵات)، ئەوا ئەم پیادەکردنەی دەسەڵاتە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی گشتی ڕێکخراودا باڵاترین ئاستی ڕێکخستنی خۆی وەردەگرێت، کۆمەڵگای گشتی ڕێکخراویش بریتییە لە دەوڵەت. لەبەرئەوە بەڕای ئەم ئاراستەیە سیاسەت (بریتییە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. دیاردەی سیاسیش بریتییە لە هەر کارو چالاکییەک کە پەیوەندی هەبێت بە دەسەڵات و دەوڵەتەوە).

❖ **سروشتی سیاسەت و پیادەکردنی سیاسەت:**

بە بڕوای هەندێک لە زانایان و بیرمەندان بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمکی سیاسەت پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان سروشتی سیاسەت و پیادەکردنی سیاسەت.

**یەکەم/ سروشتی سیاسەت (طبیعة السیاسة):**

بێگومان ڕێکخستنی کۆمەڵگا و یەکخستنی سەرجەم بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا و پاراستنی ئەم ڕێکخستنەی کۆمەڵگاش سیاسەتە. ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی یاسا و بڕیارەکان و دروستکردنی دەزگاکانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێ. هەروەها ئەم دەزگایانە یاساکان

دروست دەکەن و هەندێکیان ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکەن و هەندێکیتریان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان ئەنجام دەدەن، وەک دابینکردنی ئاسایش و بەرگریکردن لە سنورەکانی وڵات و سەپاندنی یاسا و دابەشکردنی سامانە گشتیەکان و بەڕێوەبردنی بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی ... هتد. لە ڕاستیشدا، هەموو ئەم چالاکیانەی سەرەوە واتای تەواوی ڕێکخستنی کۆمەڵگا پێکدەهێنن و ئەوجا هەر ئەمەشە پێی ئەوترێ چالاکی سیاسەتکردن و هەر ئەمەشە سروشتی سیاسەت وەک چالاکیەک بەرجەستە دەکات.

**دووەم/ پیادەکردنی سیاسەت (ممارسة السياسة):**

کاتێک ئەڵێین سروشتی سیاسەت وەک چالاکیەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا، ئەوا پێویستە بپرسین کێ ئەم چالاکیانە ئەنجام دەدات؟، ئایا سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگا ئەم چالاکیانە ئەنجام دەدەن؟، یان تەنیا چەند کەسێک بە چالاکی ڕێکخستنی کۆمەڵگا هەڵدەستن؟. لە وەڵامدا دەڵێین هەرچەندە سیاسەتکردن بە واتای ڕێکخستنی کۆمەڵگا و چالاکیە کە پەیوەندی بە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگاوە هەیە، بەڵام زۆربەی جار ئەم چالاکیە چەند کەسێک ئەنجامی دەدەن. ئەم کەسانەش پێیان دەوترێ حکومەت یان (فەرمانڕەواکان)، کە کاری بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەت دەگرنە ئەستۆ. کەواتە سروشتی سیاسەت پەیوەندی بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاوە هەیە، بەڵام پیادەکردنی سیاسەت تەنیا چەند کەسێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا ئەنجامی دەدەن کە ئەوانیش فەرمانڕەواکانن.

- **تێڕوانینی ئەرێنی و نەرێنی بۆ سیاسەت:**

لە ڕوانگەی پێوەرەکانی ڕەوشت کە خێر و شەڕە، گرنگە بپرسین ماهییەتی سیاسەت چییە؟، بە دەستەواژەیەکی دی سیاسەت خێرە یان شەڕ؟. لەڕاستیدا، لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا، هەڵوێستی فەیلەسوف و بیریار و زاناکان ناهاوتا و لێکجیاوازە، بە گشتی دەکرێت هەڵوێستیان بە سەر دوو ئاراستەدا دابەش بکەین، کە یەکەمیان ئاراستەی تێڕوانینی ئیجابییە بۆ سیاسەت، دووەمیشیان ئاراستەی تێڕوانینی سلبییە بۆ سیاسەت.

**یەکەم/ ئاراستەی تێڕوانینی ئەرێنی و ئیجابی بۆ سیاسەت:**

ئەم ئاراستەیە، ئاراستەیەکی گەشبینە بە سیاسەت و بە چاوێکی پڕ ئومێد و نیاز پاکییەوە دەڕوانێتە سیاسەت و باوەڕی وایە کە سیاسەت چالاکییەکە لە پێناو هێنانەدی خێر و چاکەی گشتی کۆمەڵگادا هاتۆتە بوون. ئەم باوەڕە هەر لە کۆنەوە داڵغەی گەلێک فەیلەسوف و بیریاری

وەک ئەرسـتۆو ئیبن خەلـدونی داگیـر کردبـوو. بـۆیە دەتـوانین ئەم ئاڕاسـتەیە بە ئاڕاسـتەیەکی تاڕادەیەک خەیاڵی و فەلسەفی ناوزەند بکەین، چونکە تەنها لایەنـی ئیجابی و خێر لە سیاسـەتدا بەدی دەکات و بە خێری ڕەهای دادەنێت.

**دووەم/ ئاڕاستەی تێڕوانینی نەرێنی و سلبی بۆ سیاسەت:**

ئەم ئاڕاستەیە، ئاڕاستەیەکی ڕەشبینە بە سیاسـەت و بە چاوێکی پڕ گومان و نائومێدییەوە دەڕوانێتە سیاسەت و باوەڕی وایە کە سیاسەت گەمەیەکی قێزەونە و کارێکە لەسـەر فرتوفێڵ و هەڵخەڵەتاندن بەندە و ئەو کەسەی سیاسـەت بکات تەنیا بەرژەوەندی تایبەتی خۆی مەبەسـتە. کەواتە، دەتوانین ئەم ئاڕاستەیە بە ئاڕاستەیەکی ڕەشبینی توندڕە و لەقەڵەم بدەین، چونکە تەنها لایەنی سلبی و شەڕ لە سیاسەتدا بەدی دەکات و هەندێک جار بە شەڕی ڕەهای دادەنێت.

**{ئەگەر وەک دوژمنێک بڕوانیتە من، ئەوا لە قسەکانم ناگەیت}**

**"فریدریک نیچە"**

## باسی دووەم:

## ناساندنی چەمکی زانستی سیاسی

لە ڕووی زمانەوانیەوە چەمکی (زانستی سیاسی/ Political Science) وشـەیەکی ئاوێتەیە و لە لێکدانی هەردوو وشـەی (زانسـت/ Science) و (سیاسـەت/ Politics) پێکهاتووە. بۆیە وشـەی زانستی سیاسەت لە ڕووی زمانەوانیەوە، زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ ناولێنانی زانسـتێک کە دەیەوێت مەعریفەیەکی ڕێکخراومان لەسەر چالاکی سیاسەت بداتێ.

وەکو چۆن زانایان سـەبارەت بە پێناسـەکردنی سیاسـەت ڕای جیاوازیان هەیە، هەروەها سـەبارەت بە پێناسـەکردنی زانسـتی سیاسـەت تێڕوانینـی جیاوازیـان هەیە. ئەم جیـاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە:

١) ئاڵۆزی چالاکی سیاسەت و فرەلایەنی دیاردەی سیاسی.

٢) تازەیی زانستی سیاسەت و دواکەوتنی چەسپاندنی سیفەتی زانستیبوون لەم زانستەدا.

٣) جیـاوازی بیروبـاوەڕی فیکـری زانایـان و جیـاوازی تێڕوانینیـان بـۆ چـالاکی سیاسـەت و دیاردەی سیاسی.

لێرەدا چەند پێناسەیەکی زانستی سیاسەت ئەخەینەڕوو:

- زانسـتی سیاسـەت بـریتییە لە کۆمەڵێـک پرنسـیپ و بنەمـا کە ڕاسـتیان سـەلمێنراوە و پەیوەندییان بەپرۆسەی داڕشتنی بڕیارە پابەندەکانەوە هەیە لە کۆمەڵگادا.
- زانسـتی سیاسـەت بـریتییە لە کۆمەڵێـک بنەمـای ڕێکخـراو کەپەیوەسـتن بە دەسـەڵاتی سیاسـییەوە. یـاخود زانسـتی سیاسـەت بـریتییە لە لێکـۆڵینەوە لە دەوڵەت و دەسـەڵات و دامەزراوەکـانی و پەیوەنـدنی هاوڵاتیـان بە دەوڵەت، یـاخود هەرشـتێک کەپەیوەنـدی بەکاروباری دەوڵەتەوە هەبێت چ لەسەر ئاستی ناوخۆ چ لەسەر ئاستی دەرەکی.
- هەروەهـا زانسـتی سیاسـەت بـریتییە لەو مەعـریفە ڕێکخـراوەی کە لێکـۆڵینەوە لەسـەر دیاردەی سیاسەت دەکات.

«هێزی عەقڵ، ڕۆحی ژیانە»

"ئەرستۆ"

## باسی سێیەم:
## ئامانجی سیاسەت و زانستی سیاسی

گرنگە بپرسین بۆ چی زانستی سیاسەت بخوێنین؟ و، زانستی سیاسەت بۆ چی پێویستە؟ و، زانستی سیاسەتمان بۆ چییە؟، وەڵامی ئەم پرسیارانە تەواو پەیوەستە بە وەڵامی ئەو پرسیارەوە کە دەڵێت ئایا زانستی سیاسەت ئامانجی هەیە؟. لەڕاستیدا گەڕان بەدوای ئامانجێک بۆ زانستی سیاسەت، دەخوازێت پێشتر بەدوای ئامانجی خودی سیاسەتدا بگەڕێین و بپرسین ئایا سیاسەت بۆچی پێویستە؟، وەڵامی ئەم پرسیارانەش لەم دوو تەوەرەیەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

❖ **ئامانجەکانی سیاسەت:**

لەسەردەمی کۆندا و بەڕای ئەفلاتوون فەیلەسوفی سیاسی یۆنان ئامانجی سیاسەت بریتییە لە هێنانەدی عەدالەت، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هەندێک لە فەیلەسووفە مەسیحییەکان، ڕایان وابوو کە ئامانجی سیاسەت بریتییە لە بەدیهێنانی عەدالەتی ئاسمانی لەسەر زەوی، وە لای ئیبن خەلدون ئامانجی سیاسەت بریتییە لە هێنانەدی خێری گشتی، لەسەردەمی نوێشدا زانای سویدی "جۆلیان فرۆیند" ڕای وایە کە ئامانجی سیاسەت بریتییە لە هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی.

لەکۆی ئەو بیروڕایانەی سەرەوەدا، سەبارەت بە ئامانجی سیاسەت دوو ئامانجی سەرەکی هاوبەش بۆ سیاسەت بەدی دەکەین کە ئەوانیش بریتین لە عەدالەت و چاکەی گشتی. بەڵام وەک دەبینین لە هەرسەردەمێکدا بەپێی پێوەرە باوەکانی ئەو سەردەمە سەیری هەردوو چەمکی عەدالەت و خێری گشتی کراوە. لە کۆندا لای فەیلەسوفە یۆنانیەکان تێگەیشتن لەم چەمکانە لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بووە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لای بیریارە مەسیحی و موسوڵمانەکان لەسەر بنچینەی ئایین بووە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا، لای زانایان بەپێی بنەماکانی زانستە.

❖ **ئامانجەکانی زانستی سیاسەت:**

زانستی سیاسەت بۆ هێنانەدی چەند پێداویستییەکی مرۆڤ هاتۆتە بوون، بەتایبەتی لەسەردەمی نوێدا کە سیاسەت بووەتە جەوهەری پیادەکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەوڵەت. لەم چوارچێوەیەشدا زانستی سیاسەت کۆمەڵێک ئامانجی هەیە و گرنگترینیان ئەمانەن:

١) **پاراستنی سیستەمی گشتی:** زۆرێک لە بیرمەندە سیاسییەکان هەوڵیان داوە زانستی سیاسەت بکەنە ئامرازێکی مەعریفی گونجاو بۆ ناسینی هۆکارەکانی شڵەژان و گۆڕان لە سیستەمی دیموکراسیدا، تاکوو بتوانن چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکانی بدۆزنەوەو بەردەوامی بە ژیان و مانەوەی بدەن. بەمەش یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خوێندنی زانستی سیاسەت لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا بریتییە لە پاراستنی سیستەمی گشتی. زیادبوونی ڕۆڵی زانا سیاسییەکان لەناوەندەکانی بڕیاری سیاسییدا و، بایەخدان بە توێژینەوە سیاسییەکان لەلایەن سیاسەتمەدار و هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانەوە بەڵگەی ئەم ڕاستییەن.

٢) **دروستکردنی ڕوحی هاوڵاتیبوون:** دووەم ئامانجی زانستی سیاسەت بریتییە لە دروستکردنی ڕوحی هاوڵاتیبوون لەلای تاکەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمەش هەنگاوی سەرەکی پەروەکردنی هاوڵاتی باشە لە وڵاتدا. ڕوحی هاوڵاتیبوونیش بریتییە لە وشیاری تاکەکەس بە پرسە گشتییەکانی وڵات و هەستکردنیشیتی بە بەرپرسیاری لە بەرانبەر ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیدا، بەشێوەیەک کە ئەم وشیاری و هەستی بەرپرسیارییە ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەو کەسە تاکوو ئارەزوی بەشداریکردنی ئازادانە بکات لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانی دەوڵەتدا. کەواتە ڕوحی هاوڵاتیبون سەرەتا وشیاری و ئەوجا هەستکردن بە بەرپرسیاری و دواتریش ئارەزوی بەشداریکردنی تاکەکەسێکە لە چارەسەرکرنی گرفتەکانی کۆمەڵدا، بەو پێیەی کە ئەم کەسە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە و لە خۆشی وناخۆشی و، خێر وشەڕی ئەو کۆمەڵەشدا هاوبەشە.گەر چاوێک بە مێژوی زانستی سیاسەتدا بگێڕینەوە، دەبینین ئەم ئامانجە یەکێک بووە لە ئەرکە کلاسیکییەکانی ئەم زانستە و هەتا ئێستاش ئەم ئەرکەی هەر لە ئەستۆدا ماوە. زانستی سیاسەت هەمیشە هەوڵی داوە کۆمەڵگاکان فێری ئەوە بکات کە پێویستە چۆن بەشێوەیەکی باش و دروست فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن و چۆن دادپەروەری و خێری گشتی بهێننەدی.

٣) **پیادەکردنی سیاسەتێکی گشتی زانستیانە:** یەکێک لە خاسییەتەکانی زانستیبوون لەزانستی سیاسەتدا بریتییە لە توانای پێشبینیکردنی ئەو پێشهاتە نەزانراوانەی کە دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبدەن. بێگومان بڕیارەکانیش دوای جێبەجێکردنیان چەندین دەرئەنجامی نەزانراویان لێدەکەوێتەوە، کە فەرمانڕەواو بەرپرسە حکومییەکان ناتوانن بە ئاسانی پێشبینی ڕوودانیان بکەن، هەرچەندە خۆشیان دروستکەری ئەو بڕیارانەن.

٤) **پێگەیاندنی کادری پسپۆڕ:** ئامانجی سەرەکی لە خوێندنی زانستی سیاسەت وەک هەر بوارێکی تری خوێندن، بریتییە لە پێگەیاندنی کادری خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕ لە بواری تیۆری

و کرداری سیاسەتدا. بۆیە زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگاکانی خوێندنی زانستی سیاسەت، ناوەندی سروشتیی ڕاهێنان و پێگەیاندنی کادری پسپۆڕ و دەرچوانی بواری سیاسەت و مەعریفەی سیاسیین، کە دەکرێت لە داهاتوودا هەم ببنە توێژەری سیاسی و هەم ببنە فەرمانبەری گشتی و کارمەندی حکومەت، تا لە یەکێک لە کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی حکومەتدا کاربکەن.

بۆیە لێرەدا شتێکی ئاساییە کە فەرمانڕەواکان، لەکاتی دروستکردنی بڕیارێکدا، پەنا بۆ توانای زانستی و مەعریفە و ئەزمونی زانا و توێژەرە سیاسییەکان ببەن، بەمەبەستی زانینی ئەو پێشهاتە نەزانراوانەی کە پێشبینی دەکرێت لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە بکەونەوە.

دەبینین زانستی سیاسەت گەلێک ئامانجی جۆراوجۆری هەیە، دیارە توانای ئەم زانستەش لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بەندە بە ڕادەی گرنگی دانی دەسەڵات و هاوڵاتیان بەم زانستەو فراوانکردنی ناوەندەکانی خوێندنی و زیادکردنی هەلی کارکردن بۆ دەرچوانی ئەم بوارە. بێگومان زیادکردنی ئەم توانایەش دواجار واتای زیادکردنی توانای سیاسەت بۆ بەدیهێنانای خێری گشتی.چونکە وەک بینیمان زانستی سیاسەت بە خۆی و ئامانجەکانییەوە ئامرازێکی مەنهەجییەو لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی مرۆڤ و کۆمەڵدا کاردەکات.

**{هەمووان بیر لە گۆڕینی جیهان دەکەنەوە، بەڵام کەس بیر لە گۆڕینی خۆی ناکاتەوە}**

**"لیۆ تۆڵستۆی"**

## باسی چوارەم:
## پەیوەندی نێوان زانستی سیاسی لەگەڵ زانستەکانی دیکە

سیاسەت هەم وەک دیاردەیەکی گشتگیر و، هەم وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی فرە ڕەهەند، پەیوەندی جۆراوجۆری لەگەڵا دیاردە و چالاکییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانیتری ناو کۆمەڵگا هەیە. هەر لە دیاردە ئابووری و یاساییەکانەوە تا چالاکییە ڕەوشتی و دەروونییەکان. بۆیە هەموو ئەم پەیوەندییە جۆراوجۆرانەش لە نێوان سیاسەت و دیاردە و چالاکییەکانیتر، دەکرێت ببێتە بناغەی دروستکردنی پەیوەندیش لە نێوان زانستی سیاسی و زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی دیکە. ئاشکراشە کە پەیوەندی زانستی سیاسی بەم زانستانەوە بە یەک شێوە و ئاڕاستە نییە بەڵکو هەندێکجار پەیوەندی پشت بەیەکبەستن و، هەندێکجاریش پەیوەندی یەکتر تەواوکردنە.

**یەکەم/ پەیوەندی زانستی سیاسی و زانستی کۆمەڵناسی:**

کۆمەڵناسی زانستی توێژینەوەی دیاردە و ڕفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە، واتە توێژینەوەی ئەو دیاردانەی لە ئەنجامی پەیوەندی و کارلێک و چالاکییە هاوبەشەکانی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکانیتردا دروست بوون. وە پەیوەندی زانستی سیاسی بە کۆمەڵناسییەوە لەو ڕوانگەیەوەیە کە کۆمەڵناسی بایەخ بە توێژینەوەی هەموو چەشنەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەدات وەک داب و نەریتەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کلتوور و بەهاکان. لەم چوارچێوەیەشدا کۆمەڵناسی بایەخ بە ڕەفتاری سیاسی دەدات بەو پێیەی کە چەشنێکە لە چەشنەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. ئەمە جگەلەوەی کە لەسەردەمی نوێدا زانستی سیاسی وەک بەشێک لە زانستی کۆمەڵناسی سەری هەڵدا، بۆیە تائێستاش سیاسەت وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاوە سەرچاوەدەگرێ بە سەرجەم بونیاد و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوورییەکانییەوە. لێرەوە کۆمەڵناسی سیاسی وەک پێداگرتنێک لەسەر پەیوەندی نێوان سیاسەت و کۆمەڵ دەرکەوت، لەلایەکەوە بایەخ بە توێژینەوەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەت دەدات و لەلایەکی تریشەوە بایەخ بەتوێژینەوەی لایەنە سیاسیەکانی کۆمەڵ دەدات.

کۆمەڵناسی زانیاری کۆمەڵایەتی هەمەجۆرو بەسود سەبارەت بە دەوڵەت و سەرکردە و دەسەلات و ڕای گشتی بە زانستی سیاسەت دەبەخشێت، بەتایبەتی لەسەر ئاڕاستەکانی کۆمەڵ بەرانبەر کێشە سیاسییەکان و توانای کۆمەڵگا بۆ ئەنجامدانی ئەرکە سیاسییەکان، هەروەک زانیاریش سەبارەت بە داب و نەریت و تەوژم و بزافە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان و چالاکی

گروپەکانی فشار و چۆنێتی ڕێکخستنیان بە زانستی سیاسەت دەبەخشێت. بەرانبەر بەمەش، زانستی سیاسەت زانیاری هەمەجۆرو بەسود سەبارەت بە دامەزراوە سیاسییەکان و چالاکییان و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا بە کۆمەڵناسی دەبەخشێت، وێڕای بەخشینی زانیاری لەسەر هزرو ئایدیۆلۆژیا و تیۆرە سیاسییەکان.

کەواتە پەیوەندیەکی پتەوی هاوبەرانبەر لە نێوان سیاسەت و کۆمەڵدا هەیە، بەتایبەتی کە هیچ مەعریفەیەکی سیاسی و ناسیاسی مەحاڵە لە دەرەوەی ناوەندی کۆمەڵایەتی هەبێت و پەرە بسێنێت. بۆیە هەر گۆڕانێک بەسەر کۆمەڵدا بێت ڕەنگدانەوەیشی لەسەر سیاسەت دەبێت. لێرەشەوە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسیدا دروست بووە.

**دووەم/ پەیوەندی زانستی سیاسەت و زانستی ئابووری:**

زانستی ئابووری بایەخ بە توێژینەوەی ئەو چالاکیانە دەدات کە مرۆڤ بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستیە مادییەکانی ئەنجامیان دەدات، هەموو ئەم چالاکیانەش پەیوەستن بە ڕێسا و بنەماکانی ئەو کۆمەڵگا سیاسیەوە کەتیایدا ئەنجام دەدرێن. بۆیە ماوەیەکی زۆر زانستی ئابووری لقە زانستێک بوو لە زانستی سیاسەت، چونکە سیاسەت کۆنترۆڵی سەرجەم چالاکییەکانی مرۆڤی کردووە بە چالاکییە ئابوورییەکانیشەوە، لەبەرئەمەش بەو لقە زانستە وتراوە زانستی ئابووری سیاسی. لێرەشەوە ئابووری سیاسی بایەخ بە توێژینەوەی یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەدات کە ئەویش بریتییە لەسەرپەرشتیکردنی کاروبارە ئابوورییەکان لە کۆمەڵدا.

دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا، جا گەورە بێت یان بچوک، ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان لە ڕێگەی بونیادنانی سیستەمێکی ئابووریدا دیاری دەکەن، کە لەوانەیە سیستەمی سەرمایەداری یان سۆسیالیزمی یان سیستەمێکی تێکەڵ لە هەردووکیان بێت.

هەر لەکۆنەوە جۆری سیستەمی سیاسی باو لە وڵاتێکدا تاڕادەیەک پەیوەست بووە بە جۆری سیستەمی ئابووری ئەو وڵاتەوە، بۆ نموونە ڕژێمی پاشایەتی ڕەها بە سیستەمی دەرەبەگایەتییەوە بەندبووە، بەڵام ڕژیمە دەستوورییە سنوربەندکراوەکان پەیوەستبوون بە دەرکەوتنی سیستەمی بۆرجوازییەوە. لە ژێر ڕۆشنای ئەم ڕاستیانەدا، هەندێک لە زانایان لەو باوەڕەدان کە ئابووری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سیاسەت هەیە و، هەندێکیتریان پێیان وایە سیاسەت کاریگەرییەکی زۆرتری لەسەر ئابووری هەیە، هەندێکیتریش لەو باوەڕەدان کە کاریگەرییەکی هاوبەرانبەر لە نێوانیاندا هەیە. بەڵام ئەم کاریگەرییە بەپێی جۆری سیستەمی

سیاسی و توانای ئابووری لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. هەموو ئەو ڕایانە ئەوە دەسەلمێنن کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زانستی سیاسەت و زانستی ئابووریدا هەیە.

**سێیەم/ پەیوەندی زانستی سیاسەت و یاسا:**

یاسا بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما و ڕێسای گشتی و بێلایەن کە ڕفتارەکانی تاک و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخات، وە لە ڕێگەی سزاوە تاکەکانی کۆمەڵ بەم ڕێکخستنەوە پەیوەست دەکات.

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ژمارەیەکی زۆر یاسا هەیە، کە دابەشدەکرێن بۆ دوو جۆر یاسای گشتی و یاسای تایبەت. ئاشکرایە یاسای گشتی تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بە سیاسەتەوە، بە تایبەتیش هەریەک لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی و یاسای دەستووری و یاسای کارگێڕی، وە یاسای نێودەوڵەتی گشتی بایەخ دەدات بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتی و نەریتە یاساییەکانەوە لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە نێوان دەوڵەتاندا لەکاتی جەنگ و ئاشتیدا ڕوودەدەن، هەموو ئەم بابەتانەش بەشێکن لە بوارەکانی زانستی سیاسەت. هەروەها یاسای دەستووری بایەخ بە شێوەی دەوڵەت و دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت و ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیان دەدات، کە ئەمانەش بابەتی زانستی سیاسەتن.

کەواتە دەبینین زۆربەی بابەتەکانی یاسای گشتی بەتایبەت یاسای نێودەوڵەتی گشتی و یاسای دەستووری هاوشێوەی بابەتەکانی زانستی سیاسەتن. لە ڕووی مێژوویشەوە، لەکۆنەوە یاسا جێی بایەخی فەیلەسوفە سیاسییەکان بووە، هەریەک لە ئەفلاتون و ئەرستۆ ئاماژەیان بۆ گرنگی یاسا کردووە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەوڵەتدا.چەند بیریارێکیش وەک "جان بۆدان" کاریان بۆ ئەوە کردوە کە یاسا بکەنە سەرچاوەی شەرعییەتی دەسەڵات لە دەوڵەتدا.

**چوارەم/ پەیوەندی زانستی سیاسەت و مێژوو:**

مێژوو بە واتا گشتییەکەی بریتییە لە تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردوو. وە ئاشکرایە کە زانایانی سیاسەت گرنگی بە هەموو ئەو بابەتانە نادەن کە مێژوونوسەکان توێژینەوەیان لەسەردەکەن، بەڵکو تەنیا بایەخ بەو ڕووداوانە دەدەن کە پەیوەستە سەرگوزشتەی چالاکییە سیاسییەکانی مرۆڤ و شارەزاییەکانی لەم بوارەدا، بەمەش مێژوو دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دەسکەوتنی زانیارییە سیاسییەکان.

مێژوو دەتوانێت یارمەتی زانستی سیاسەت بدات بۆ دۆزینەوەی ڕەگ وڕیشەی مێژوویی هەندێک لە دیاردەو دامەزراوە سیاسییەکان، بەتایبەتیش لە ڕووی چۆنێتی پێشکەوتن و گەشەکردنی سیستەمە سیاسییەکانەوە، یان بەدواداچوونی مێژووی دیاردەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا، یان شیکردنەوی نموونە جیاوازەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕەوشی مێژوویی وڵاتێکی دیاریکراودا. ئەمە جگە لەوەی کە هەر دیاردەیەکی سیاسی لە هەر کۆمەڵێکدا مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە. کەواتە چ زانستی مێژووو چ بەشە سیاسییەکی مێژووش کە پێی دەوترێت مێژووی سیاسی، پەیوەندییەکی پتەویان بە زانستی سیاسەتەوە هەیە. بۆیە دەکرێت لە کارو توێژینەوەکانی زانستی سیاسەتدا سوودێکی زۆر لە مێژوو وەربگیرێت.

**پێنچەم/ پەیوەندی زانستی سیاسەت و فەلسەفە:**

فەلسەفە بریتییە لە گەڕان بەدوای مەعریفەیەکی قوڵ لەسەر واقیع، بەمەستی دۆزینەوەی ئەو یاساو هۆکارانەی کە تەحکوم بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکەن، لەپێناو گۆڕینی واقیعی باو بۆ واقیعێکی باشتر. لەم چوارچێوەیەشدا فەلسەفەی سیاسی توێژینەوە لە واقیعی سیاسی دەکات بۆ ئەوەی بزانێت کە پێویستە کۆمەڵگای سیاسی چۆن بێت و بەچ شێوەیەک دەبێتە کۆمەڵگایەکی ئایدیاڵ و نموونەیی، واتە گواستنەوە لەوەی کە هەیە بۆ ئەوەی کە پێویستە هەبێت. بۆیە لە ڕووی مێژووییەوە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژخایەن، سیاسەت پەیوەست بووە بە فەلسەفەوە، بەڵکو سیاسەت لەلای ئەفلاتون و ئەرستۆ بابەتی سەرەکی فەلسەفە بوو.

بەڵام لەسەردەمی نوێدا، ئارەزووی سەربەخۆ بوون و بوون بە زانست، بووە هۆی دابڕانی زانستی سیاسەت لە فەلسەفە. بەڵام وێڕای ئەمە نە سیاسەت و نە زانستی سیاسەت بەبێ بەشێک لە ئایدیا فەلسەفییەکان ناتوانن ئامانجی خۆیان بپێکن، چونکە توێژینەوە لە دەسەڵات و دەوڵەت هەمیشە دوائامانجی بریتیبووە لە دۆزینەوەی باشترین شێوازی دەسەڵات و چاکترین نموونەی دەوڵەت، کە ئەمەش هەمان ئەو کەڵکەڵەیەیە کە دالغەی فەیلەسوفە کۆن و نوێیەکانی داگیرکردبوو بەناونیشانی گەیشتن بە دەوڵەتی خەیاڵی. بۆیە گەر فەلسەفەی سیاسی جیهانی بەهاو ئایدیا و ئامانجەکان بێت، ئەوا سیاسەت جیهانی ئەو دیاردە و بزافە سیاسییانەیە کە لەژێر ڕۆشنای بەهاو ئایدیاو ئامانجە فەلسەفییەکاندا دەبزوێن. لەبەر هەموو ئەمانە دەکرێت زانستی سیاسەت هەندێک جار سوود لە فەلسەفەو فەلسەفەی سیاسی وەربگرێت.

## شەشەم/ پەیوەندی زانستی سیاسەت و دەروونناسی:

گرنگی زانستی دەروونناسی ئەوەیە کە هەوڵی تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ و ئەو غەریزە و ئارەزووانەی دەدات، کە ئەمانەش تەحەکوم بە سەرجەم ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە دەکەن. بۆیە دەکرێت ئەم غەریزە و ئارەزووانەش دواجار تەحەکوم بە ڕەفتارە سیاسییەکانی مرۆڤەوە بکەن. لەبەر ئەمە زانستی سیاسەت گەلێک جار پشتی بە دەروونناسی بەستووە بۆ شرۆڤە کردنی زۆرێک لە دیاردە و ڕەفتارە سیاسییەکان.

لەم چوارچێوەیەشدا لقە زانستی دەروونناسی سیاسی دروستبووە بە مەبەستی زانینی ڕادەی کاریگەری هۆکارە دەروونییەکان لەسەر ڕەفتارە سیاسییەکانی مرۆڤ جا ئەو کاریگەرییە بەشێوەیەکی سلبی بێت یان ئیجابی، کەواتە شیتەڵکردنی دەروونی تاکو گروپو فەرمانڕەواو گەلو نەتەوەکان سودێکی زۆر بەو مەعریفە سیاسییە دەگەیەنێت کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکان بەکاربهێنرێت، ئەمە جگە لە ناسینی سروشتی دەوڵەتەکان و سیستەمە سیاسییەکانیان لە ڕێگەی ناسینی سروشتی دەروونی هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتانەوە. ئاشکراشە ڕێبازی ڕەفتارگەرایی یەکێکە لە قوتابخانە زانستییە بەناوبانگەکان کەلە دیدگایەکی دەروونییەوە توێژینەوە لە سیاسەت دەکات، بەتایبەتیش لە بواری دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەلایەن فەرمانڕەواو بەرپرسەکانەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە پێویستە پێش وەخت توێژینەوەی دەروونی بۆ فەرمانڕەواو سیاسەتمەدارەکان بکرێت بەمەبەستی زانینی سروشتی ئەو بڕیارانەی کەلە ئایندەدا دەریان دەکەن.

﴿ ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی جێپەنجەی خۆمان لەم گەردوونە دابنێین،

ئەگینا سودی هاتنی ئێمە بۆی چییە؟﴾

" ستیف جۆبز"

## باسی پێنچەم
## پەرەسەندنی مێژووی زانستی سیاسی

بەڕای زۆرێک لە زانایان، زانستی سیاسەت هەم زانستێکی نوێیە و هەم زانستێکی کۆن. زانستێکی نوێیە چونکە تەنها لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەرک بەوەکرا کە دەکرێت سیاسەت ببێتە بابەتی زانست و تەنها لە سەدەی بیستیشدا تاڕادەیەک توانرا بە پێی پێوەرەکانی زانست سیفەتی زانستیبوون لە توێژینەوەی سیاسەتدا بەرجەستە بکرێت. زانستێکی کۆنیشە چونکە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بەحوکمی ئەنجامدانی چالاکی سیاسەت و پێداویستییەکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی هەوڵیداوە جۆرێک مەعریفە لەسەر ئەو چالاکییە سیاسیانەی کە ئەنجامیداون بەرهەم بهێنێت.

ئەم مەعریفەو بیرکردنەوانەی مرۆڤیش لە سیاسەت و دیاردە سیاسیەکان بەدرێژایی مێژوو پێی دەوترێت مەعریفەی سیاسی یان فیکری سیاسی. بەڵام هەموو ئەم مەعریفە سیاسیەی مرۆڤ، زۆربەی کات یان مەعریفەیەکی ناڕێکخراوی سادە و سەرپێی و ئاوێتەی داڵغە ئەفسانەییەکان بووە یان مەعریفەیەکی گۆشکراوی تێڕامانە فەلسەفی و بەها ڕەوشتی و باوەڕە ئاینییەکان بووە. لەگەڵ ئەمەشدا بەدرێژایی ئەو مێژووە هەندێک جار چەند هەوڵێکی مەنهەجی بۆ بە زانستیکردنی ئەو مەعریفە سیاسییە هەبووە، بەڵام ئەم هەوڵانە تەنها لە سەدەی بیستدا بوونەتە زانستی سیاسەت، وەک مەعریفەیەکی ڕێکخراو کەلە توێژینەوەی سیاسەت و دیاردە سیاسیەکاندا پشت بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی دەبەستێت.

سەرجەم ئەو هەوڵانەی لە دێرزەمانەوە بۆ بەزانستیکردنی سیاسەت دراون پێی ئەوترێت "**زانستی سیاسی کلاسیک**"، بەڵام سەرجەم ئەو مەعریفە سیاسیە ڕێکخراوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە تا ئێستا لە توێژینەوە و هەوڵە زانستییەکانی زانایان و توێژەرانی سیاسەتدا بەرهەم ئەهێنرێت پێی دەوترێت "**زانستی سیاسی نوێ**". کەواتە ئەم دوو دەستەواژەیە _زانستی سیاسی کلاسیکو زانستی سیاسی نوێ_ هەریەکەیان ئاماژەن بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوویی زانستی سیاسەت

❖ **زانستی سیاسی کلاسیک (کۆن):**

زانستی سیاسی کلاسیک دەستەواژەیەکی ڕەمزی و مەجازییە و ئاماژەیە بۆ سەرجەم ئەو هەوڵانەی لە دێرزەمانەوە بۆ بەزانستکردنی مەعریفەی سیاسی دراون. ئەم هەوڵانەش زۆرن و لە خوارەوە بەپێی قۆناغەکانی مێژوی فیکری سیاسی باسی هەندێکیان ئەکەین:

**یەکەم/ مەعریفەی سیاسی لەسەردەمی کۆندا:**

بیرورِا سیاسیەکانی هەریەک لە شارستانیە کۆنەکانی رِۆژهەلاَت و رِۆژئاوا لەخۆ دەگریت.

**١) مەعریفەی سیاسی لەلای گەلانی رِۆژهەلاَتی کۆن:**

گەر چاویک بە میژوی ئەو شارستانیتیە کۆنانەدا بخشینینەوە کە لەلای گەلانی رِۆژهەلاَتی کۆن هەبوون وەک شارستانی میزۆپۆتامیا و میسر و فارس و هیند و چین، گەلیک بیرورِا و ئەفسانەی جۆراوجۆر سەبارەت بە چالاکی سیاسەت و بنچینەی دەسەلاَتی سیاسی و شیوازەکانی رِیکخستنی سیاسی کۆمەلگا هەبوون. هەموو ئەمانەش ئامازەبوون بۆ بوونی جۆریک مەعریفە و فیکری سیاسی لەلای ئەو گەلانە.

لەم چوارچیوەیەشدا هەردوو پرِۆفیسۆری ئەمریکی (پیرتل و گرانت/ Pirtle & Grant) لە کتیبی (زانستە کۆمەلاَیەتییەکان)دا، کەلە سالَی ١٩٧٢ دەرچووە، دەلَین: (هەولَی لیکۆلَینەوە لە سیاسەت لەگەلَ یەکەمین شارستانیەکانی گەلانی سۆمەر و ئەکەد، لە ناوچەی میزۆپۆتامیا لە نزیکەی (٤٠٠٠ پ. ز)، دەستیپیکردووە)، چونکە ئەم گەلانە بەشیوەی چەند خیزانیک لە چوارچیوەی رِیکخستنیکی کۆمەلاَیەتی گشتگیردا ژیاون، کە لەلایەن ئەنجومەنیکەوە بەناوی (ئەنجومەنی گەورەکان) یان (ئەنجومەنی پیرەکان) فەرمانرِەوایی کراوە. بۆیە هەر خیزانیک کە بەرپرسیاربووە لە بەرِیوەبردنی هەندیک لە کاروبارەکانی خۆی، هاوکات لە هەندیک کاروباریتردا وەک کاروباری جەنگ و ئاشتی وازیان لە هەندیک لە دەسەلاَتەکانی خۆیان هیناوە بۆ ئەنجومەنی ناوبراو، تا بەناوی رِیکخستنە کۆمەلاَیەتییە گشتگیرەکەوە بریارِ لەسە ئەو کاروبارە گشتیانە بدریت. لەبەرئەمە بەبرِوای (پیرتل و گرانت) بوونی ئەم جۆرە ئەنجومەنە کەلە نوینەرانی سەرجەم خیزانەکان پیکهاتبوو، ئامازەبووە بۆ بوونی دەزگایەکی سیاسی مەرکەزی کە بەرِیوەبردنی ژیانی سیاسی لە ئەستۆگرتبوو. ئەمەش پیشینەیەکی میژوویی ئەو دەزگا سیاسیانەیە کەلەسەردەمی ئیستادا هاوشیوەیان هەیە.

بەلاَم گەلانی میزۆپۆتامیا لەم پەرەسەندنەدا تەنیا نەبوون، بەلَکو لەلای چینییە کۆنەکان بیرورِا ئاینی و رِەوشتییەکانی (کۆنفشیۆس لە ٥٥٠ پ. ز) و (مۆتزۆ لە ٤٨٠ پ. ز) بنچینەی پەرسەندنی بیری سیاسی بوون. بەتایبەتی کۆنفشیۆس کە داوای رِوبەرِوبونەوەی دەسەلاَتی رِەهای ئیمپراتۆرەکان و چاککردنی گوزەرانی خەلَکی دەکرد و هانی قوتابیەکانی دەدا کە دژی فەرمانرِوا ستەمکارەکان شۆرِش بکەن. هاوکات هیندییە کۆنەکانیش لە ئەفسانە سیاسیەکانیاندا، لەو باوەرِەدابوون کە سەرچاوەی دەسەلاَتی سیاسی ئەو پەیماننامەیەیە کەلە نیوان فەرمانرِەواو

فەرمانپێکراوەاندا بەستراوە. لەگەڵ هەموو ئەم بەڵگە مێژوویانەی سەروەشدا، ناتوانین ئەم بیروڕا سیاسیانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی کۆن بە بنچینەیەکی مەنهەجی دروستبونی زانستی سیاسەت دابنێین. بەڵکو ئەوەی زانایان لەسەری هاوڕان ئەوەیە کە جۆرێک مەعریفەی سیاسی لای ئەو گەلانە هەبووە، بەڵام هەوڵی ڕێکخسنی ئەم مەعریفە سیاسیە بە شێوەیەکی مەنهەجیانە تەنیا لەلای یۆنانیە کۆنەکان دەستی پێکردووە.

**٢) مەعریفەی سیاسی لای گەلانی ڕۆژئاوای کۆن (گریک و ڕۆمەکان):**

گریکەکان (یۆنانیە کۆنەکان) لە یەکەمین ئەو گەلانەن کە هەوڵیانداوە خۆیان لە ئەفسانەو بیروڕا خوڕافیەکان ئازادبکەن، هاوکات هەوڵیشیانداوە زانست بکەنە ئامرازی سەرەکی ئەم ئازادبوونە. ئەمەش بەهۆی دژواری گوزەران و سەختی بارودۆخی ئەو شوێنە جوگرافیەوە بووە کە تیا نیشتەجێبوون. بۆیە ئەم گەلە بەسەر چەند دەوڵەت-شارێکدا دابەشببوون، کە هەر دەوڵەت-شارێک سیستەمێکی سیاسی جیاوازی هەبوو، ئەمەش بووە بە هۆکاری پەرەسەندنی ڕوحی تاکخوازی لەلای هەر هاوڵاتیەکی یۆنانی و لەشێوەی دوو تەوەری سەرەکیدا ببووە هەڵسوڕێنەری ژیانی گشتی لەو دەوڵەت-شارانەدا، ئەو دوو تەوەرەش بریتیبوون لە عەقڵ و ئیرادە.

لەبەرئەمە یۆنانیەکان لەو باوەڕەدابوون کە یاسا بەرهەمی ئیرادەی مرۆڤەو دیموکراسیش ئەو شێوازەیە کە دەبێ ژیانی گشتی کۆمەڵگای پێ ڕێکبخرێت. بۆیە هەر هاوڵاتییەک لە لای خۆیەوە گرنگی بە کاروبارە گشتیەکانی دەوڵەت-شار دەداو مافی بەشداریکردنیشی لە بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارانەدا هەبوو. هەموو ئەمەش لە نزیکەی سالآنی (٧٠٠-٥٠٠ پ. ز)ـەوە ببووە بنچینەی پەرەسەندنی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لای یۆنانیەکان، بەتایبەتی لە دەوڵەت-شاری ئەسینادا. هاوکات ببووە بنچینەی پێشبڕکێکرن لە ڕادەربڕین و جیاوازی بیروڕاو بە شێوەی چەند ڕێسایەکی گشتی کاری پێدەکرا کە گفتوگۆو کۆبونەوە گشتیەکانی هاوڵاتیانی ڕێکدەخست و شێوازێکی مەنهەجیشی بە هونەری ئاخاوتن و گفتوگۆکردن و جەدەل بەخشیبوو.

یۆنانیەکان زۆر گرنگیان بە دۆزینەوەی باشترین ئامرازەکانی حوکمکردن و چۆنێتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواو فەرمانپێکراوەکان دەدا و هەمیشە بەدوای باشترین شێوازی سیستەمی حوکمکردندا دەگەڕان. لەمەشدا هەرچەندە یۆنانییەکان هۆگری فەلسەفەو بەها ئەخلاقیەکان بوون، بەڵام یەکەمین کەسیش بوون کە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک مەنهەجی بایەخیانداوە بە سیاسەت. لەم چوارچێوەیەشدا چەندین فەیلەسوفی یۆنانی هەن وەک: (سوقرات

٤٧٠-٣٩٩ پ. ز) و (ئەفلاتون ٤٢٨-٣٤٧ پ. ز) و (ئەرستۆ تالیس ٣٨٤- ٣٢٢ پ. ز)، کە وتە و نوسراوەکانیان بووەتە بنچینەیەکی پتەو بۆ پەرەسەندنی مەعریفەیەکی مەنهەجی لەسەر سیاسەت و دارشتنی سەرەتاکانی زانستی سیاسەت. بەتایبەتی لای ئەرستۆ.

ئەرستۆ کە بە باوکی زانستی سیاسەت دادەنرێت، لە نێو یۆنانیەکاندا هەرتەنیا یەکەمین پێشەوای مەعریفەی زانستی نەبووە بەڵکو خاوەنی ئەو بیرۆکە بەناوبانگەشە کە دەڵێت: "هەموو زانستێک خاوەنی کەسایەتیەکی سەربەخۆیە".

بەبڕوای ئەرستۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ سێ بەرهەمی سەرەکی هەیە کە بریتین لە زانین و کردارو داهێنان (المعرفة والعمل والإبداع). بۆیە لەم سێ بەرهەمەوە سێ دەستەی سەرەکی لە زانست دروست بووە کەبریتین لە زانستە تیۆرییەکان و زانستە کردارییەکان و زانستە شیعرییەکان (العلوم النظرية والعلوم العملية والعلوم الشعرية). هەرچی زانستە تیۆرییەکانە بریتین لە (ماتماتیکو فیزیاو میتافیزیک)، زانستە شیعرییەکانیش بریتین لە (لۆژیکو پەخشان و شیعر). لە نێوان ئەم دوو دەستە زانستەشدا زانستە کردارییەکان هەیە کە بریتیین لە (ئەخلاق و ئابووری و سیاسەت).

دوای ئەم پۆلێنکردنە ئەرستۆ ڕای وایە کە ئەخلاق زانستی ڕەفتارەکانی تاکەکەسە. ئابووری زانستی کاروبارەکانی خێزان و چۆنێتی دروستبوون و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ماددییەکانێتی. بەڵام سیاسەت زانستی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شارو چۆنێتی دروستبوون و ڕێکخستنێتی.

بۆیە سیاسەت بەپێی گرنگی بابەتەکەی کە (شارە) لە لوتکەی هەموو زانستەکاندایە و بەسەر سەرجەم چالاکیە مرۆییەکاندا بالادەستە، لەبەرئەوەی (شار) هەموو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت و جێگەی دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤیشە.

هەرچەندە ئەرستۆ وەک هەر یۆنانییەک نەیتوانیووە خۆی لە بنەما و بەها ڕەوشتییەکانی سیاسەت دەرباز بکات، بەڵکو هاوشێوەی ئەفلاتون بەدوای چاکترین شێوازی حوکمکردندا گەڕاوە، بەڵام ئەوەی جێی باسکردنە ئەوەیە کە ئەرستۆ جیاواز لە فەیلەسوفە یۆنانیەکانیتر، هەندێک کات لە نوسینەکانیدا مەنهەجی (تێبینی و چاودێری) بەکارهێناوە، واتە تێبینی و چاودێریکردنی دیاردەکان و گەڵاڵەکردنی چەند دەرئەنجامێک لێیان دوای شیکردنەوەیان.

بۆیە ئەرستۆ دوای تێبینی و چاودێریکردن و کۆکردنەوەی دەستووری ١٥٨ دەوڵەت-شاری یۆنانی و پێداچونەوەی ڕوداوە مێژوییەکانی گریک، دەستی بە نووسینی کتێبە

بەناوبانگەکەی بەناونیشانی (سیاسەت) کردووە. هاوکات لەم کارەیدا پشتی بە مەنهەجی ئەزمونکردن بەستووە. لە ڕاستیشدا ڕۆڵی ئەرستۆ لە پەرەسەندنی زانستی سیاسەتدا بریتییە لە پەرەپێدانی ئەم دوو مەنهەجە _واتە مەنهەجی تێبینی و مەنهەجی ئەزمونکردن_. ئاشکراشە کە ئەم دوو مەنهەجە لە ئێستادا بنچینەی بە زانستیبوونی زانستی سیاسەتن.

دوای یۆنانیەکان مەعریفەی سیاسی بەرەو پوکانەوە چوو، چونکە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، کە دوای شارستانی یۆنانی پەرەی سەند، لە حوکمکردن و بەرفراوانبوونیدا زیاتر پشتی بەبەکارهێنانی هێزو سەپاندنی یاسا بەسەر گەلانی ژێردەستیدا ئەبەست، نەک بە دیموکراسی و بەشداریکردن و گفتوگۆی ئازاد کە پێشتر لە دەوڵەت-شارەکانی گریکدا هەبوون. بۆیە لەم قۆناغەدا هەوڵێکی ئەوتۆ بۆ بەزانستیکردنی سیاسەت نەدراوە.

**دووەم: مەعریفەی سیاسی لە سەدەکانی ناوڕاستدا:**

سەدەکانی ناوەڕاست بەوە تایبەتمەندن کە ئاین هەڵسوڕێنەری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، بۆیە مەعریفەی سیاسیش لە چوارچێوەی بنەما ئاینییەکاندا سوڕاوەتەوە.فەیلەسوفە مەسیحیەکان لە ڕێگەی ئاینناسی مەسیحییەوە سەیری دیاردە سیاسییەکانیان کردووە، فەیلەسوفە موسوڵمانەکانیش شەریعەتی ئیسلامیان کردووەتە پێوەری تێڕوانینیان بۆ سیاسەت و دەوڵەت. لەبەرئەمە لەم قۆناغەدا زانستی سیاسەت پەرسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە نەدیووەو نەیتوانیوە شتێکی زیاتر لە بیرکردنەوەی یۆنانیەکان بەرهەم بهێنێت، بەڵکو زۆربەی فەیلەسوفە مەسیحی و موسوڵمانەکان لە بیروڕا سیاسیەکانیاندا، لەدوای ئاین، کاریگەربوون بە فیکری سیاسی یۆنانی بەگشتی و نوسینەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ بەتایبەتی.

بەناونگترین فەیلەسوفە مەسیحییەکان بریتیبوون لە (سان ئۆگستین ٣٥٤-٤٣٠) و (تۆمای ئەکوینی ١٢٢٤-١٢٧٤). بەناونگترین فەیلەسوفە موسوڵمانەکانیش بریتیبوون لە (فارابی ٨٧٠-٩٥٠) و (ئیبن خەلدون/ ١٣٣٢-١٤٠٦) و (ئیبن ڕوشد/ ١١٢٦-١١٩٨). هەموو ئەم ناودارانەش وەک یۆنانیەکان، بایەخیان بە چاکترین شێوازەکانی حوکمڕانی داوە بەپێی پێوەرە ئەخلاقی و ئاینیەکان. بەڵام جیاواز لەم ڕەوتە هەوڵەکانی (ئیبن خەلدوون) شایەنی باسکردنە.

ئیبن خەلدون وەک بیریارێکی موسوڵمانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، لە داڕشتنی بنەماکانی زانستی سیاسەتدا هەوڵێکی بەرچاوی هەیە، چونکە ئەم بیریارە زیاتر پشتی بە مەنهەجی (ئەزمونی) و (بنەمای هۆکارگەرایی-مبدأ السببية) بەستووەو هەوڵیداوە دیاردە

سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی سەردەمەکەی خۆیدا، وەک خۆی بناسێنێت و بە دوای هۆکارە بەرجەستەو ڕاستەقینەکانی سەرهەڵدان و لە ناوچوونیاندا بگەڕێ، نەک بەپێی بنەما فەلسەفی و ئاینییەکان وەسفیان بکات. هاوکات ئیبن خەلدون بۆ سەلماندنی بیروڕاکانی پشتی بە ڕووداوە مێژوویەکانی سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی دەبەست.

بۆیە ئیبن خەلدون لە کتێبی (المقدمة-پێشەکی)دا دەڵێت: "سەرچاوەی مەعریفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێ ئەزمونی هەستەکانی مرۆڤ بێ، خۆ گەر لەم ڕاستیە دوربکەوێتەوە ئەوا دەرئەنجامەکەی باش نابێت". هەروەها ئیبن خەلدون ڕای وەهابوو کە لەپشت ڕوودانی هەر دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە چەند هۆکارێک هەیەو هەرکاتێک بارودۆخی گونجاو بۆ کاریگەری ئەم هۆکارانە بڕەخسێت ئەوا دیاردەکەش قابیلی سەرهەڵدان و پەرەسەندنە، بەپێچەوانەشەوە گەر هۆکارەکان لاوازبن دیاردەکەش ڕوو لە فەوتان دەکات. بۆیە دەکرێت مرۆڤ بە چاودێریکردن و ئەزمونکردنی بابەتیانەی هۆکارەکان ڕاڤەی دەرکەوتن و لەناوچوونی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکات.

**سێیەم: مەعریفەی سیاسی لەسەردەمی نوێدا (لە ڕێنیسانسەوە تا سەدەی نۆزدەهەم):**

سەدەی پازدەو شازدە ماوەی ڕوودانی ڕێنیسانسە لە ئەوروپا، کە تایبەتمەندبووە بە سەرهەڵدانی بزاڤی ڕەخنەگرتن لە ئاینناسی مەسیحی و هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی پاپاو جیاکردنەوەی زانستەکان لە بیروڕای کەنیسە و ڕوودانی شۆڕشی مەنهەجی لە زانستە سروشتییەکاندا. هەموو ئەمەش هاوزەمان بووە بە ڕوخانی سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەرکەوتنی (دەوڵەتی نەتەوەیی) لە هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا وەک ئینگلترا و فەرەنسا و ئیسپانیا. بۆیە لەم ماوەیەداو لە سەدەکانی دواتریشدا چەندین بیریاو فەیلەسوف ژیاون، کە بیروڕاکانیان بەشدارییەکی گەورەی کردووە لە داڕشتنی بنەما زانستیەکانی زانستی سیاسەت. لەخوارەوە ئاماژە بۆبیروڕای هەندێکیان دەکەین:

**- مەکیاڤیلی و بنەمای بابەتگەرایی لە زانستی سیاسەتدا:**

بیریاری ئیتاڵی (نیکۆلۆ مەکیاڤیلی ١٤٦٩-١٥٢٧ز) یەکەمین پێشەوای پەرەسەندنی زانستی سیاسەتە لەسەردەمی نوێدا، چونکە لە نووسنەکانیدا هەوڵیداوە پشت بە (بنەمای بابەتگەرایی- مبدأ الموضوعية) ببەستێ و لە دەرەوەی بیروباوەڕە شەخسیەکانی خۆی و حوکمدانی پێش وەخت تویژینەوە لە دیاردەسیاسەکان بکات. هەر لەبەرئەمەشە هەندێک بە باوکی زانستی سیاسی نوێ ناوی دەبەن.

لەم چوارچێوەیەشدا مۆریس دۆڤرجیە ئەڵێت: "گەر ئەرستۆ داهێنەری مەنهەجی تێبینیکردن بێت وەک ڕەگەزی یەکەمی زانستی سیاسەت، ئەوا مەکیاڤێلی داهێنەری بنەمای بابەتگەراییە وەک ڕەگەزی دووەمی زانستی سیاسەت".

مەکیاڤێلی بەم هەوڵەی لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (میر/ الأمیر) توانی سەرەتایەک بۆ سەربەخۆبوونی زانستی سیاسەت لە ڕەوشت و بڕوا ئاینیەکانی کەنیسە دابڕێژێت.

بەڕای مەکیاڤێلی ئەکرێت لە ڕێگەی ناسینی سروشتی مرۆڤەوە چەند ڕێسایەکی جێگیر بۆ سیاسەت دابڕێژرێت. وە لەبەرئەوەی مرۆڤ بە سروشت بوونەوەرێکی شەڕانگێزە و قابیلی گۆڕان نییە، بۆیە تەنها بە هێزو دەسەلات ئەم شەڕانگێزیەی مرۆڤ کپ دەکرێت. وە لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە دەخوازێت ئەم شەڕانگێزییە نەگۆڕەی مرۆڤ ڕکێف بکات، بۆیە ئەم دەسەڵاتە ناکرێت ملکەچی ئەو ڕێسایانەی خێرو شەڕ ببێت کە لەنێو تاکەکەسەکاندا باوە، بەڵکو تەنیا ملکەچی ئەو ڕێسا بابەتییانە دەبێت کە پێداویستیەکانی بوونی سەپاندونی هەرچەندێ دژی بەها باوەکانی ڕەوشتیش بێت، چونکە ڕەوشتی دەسەلات ئەوەیە کە هەبێو سەربکەوێو بمێنێتەوە. بۆیە زانستی سیاسەتیش زانستی ناسینی ئەو ڕێسا بابەتیانەیە کە گرەنتی مانەوەی ئەم دەسەڵاتە دەکەن.

**- مونتسکیۆو یاسا زانستیەکان لە زانستی سیاسەتدا:**

بیریاری فەڕەنسی (مۆنتسکیۆ، ١٦٨٩-١٧٥٥) لەکتێبی (ڕوحی یاساکان)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەپشت هەموو یاسا دانراوەکانی نەتەوە و گەلانی جیهانەوە چەند یاسایەکیتری شاراوە هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە کاریگەری هۆکارەکانی چواردەوری مرۆڤ لەسەر دەرکەوتنی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە یاسا دانراوەکان بەرهەمی ئەم یاسا شاراوانەن و ئەرکی زانستی سیاسەتیش بریتییە لە دۆزینەوەی ئەم یاسا شاراوانە.

کەواتە بەڕای مۆنتسکیۆ دوو جۆر یاسا هەیە، یەکەمیان: ئەو یاسایانەیە کە یاسادانەر دایناون بەمەبەستی سەپاندنی ئەنجامدانی کارێک یان قەدەغەکردنی کارێک، ئەم یاسایانەش لە گەلێک بۆ گەلێکیتر دەگۆڕێن و لێک جیاوازن. بەڵام جۆری دووەمی یاسا: ئەو پەیوەندییە سەبەبی و هۆکاریەیە کە لەنێوان دیاردەکاندا هەن و دیاردەکان بەپێی ئەم پەیوەندییە کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، ئەم یاسایانەش لە هەموو شوێن و کاتێکدا وەک یەکن، بە گۆڕانی نەتەوەکان ناگۆڕێن. لەڕاستیشدا مۆنتسکیۆ بایەخی بە ناساندنی ئەم جۆرە یاسایەی دووەم دەدا کە بە (ڕوحی یاساکان) ناوزەندی کردبوو.

بەپێی ئەم بنەمایەش مۆنتسکیۆ هەوڵی ناسینی ئەو بارودۆخو هۆکارانەی دەدا کە بوونەتە هۆکاری دانانی یاسایەک یان دروستکردنی دەزگایەک لەلای نەتەوەیەک یان گەلێکی دیاریکراو. هاوکات هەوڵی توێژینەوەی ئەو جیاوازیانەشی دەدا کەلە نێوان شێوازی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و ئابووری گەلانی جیهاندا هەبوون. ئەمەش بە ناسینی کاریگەری ئەو بارودۆخو هۆکارانەی بوونەتە خولقێنەری شێوازی ژیانی هەرگەلێک، بەتایبەتیش هۆکارە مادییەکانی وەک: سەروەت و سامان و سەرچاوە سروشتیەکان و شوێنی جوگرافی و ئاوهەواو ڕوکاری زەوی، ئەوجا هۆکارە مەعنەویەکانی وەک: ئاین و ڕەوشت و بەهاکانی تاکەکەس.جا بەڕای مۆنتسکیۆ لە هەموو ئەمانە (ڕوحی گشتی) هەرگەلێک دەخولقێ کە پێکهاتەیەکە لە کاریگەری سەرجەم هۆکارەکانی سەرەوە.

مۆنتسکیۆ لەو بڕوایەدابوو، بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستیانەو دروست توێژینەوە لە یاساو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکات، دەبێ پەنا بۆ مێژوی سەرجەم گەلانی جیهان ببات، تاکوو هۆکاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو یاساو دیاردانە دەست نیشان بکات، لەمەشەوە ئەو ڕێساو بنەما زانستیانە دەستنیشان بکات کە دیاردەکان لە هەموو شوێن و کاتێکدا بێ جیاوازی ملکەچی دەبن.

کەواتە لای مۆنتسکیۆ سەرجەم دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و سەرجەم دەزگاکانیش بەتایبەتی دەوڵەت و دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو یاسایانەش کە دەوڵەت داینـاون، سەرجەم ئەمانە لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەک جیاوازن و بەپێی ئەو هۆکارانەی هێناونیە بوون لە شوێنێک بۆ شوێنێک دەگۆڕین. بەڵام ئەوەی لە هەموو جیهاندا نەگۆڕە ڕوحی یاساکانەو لە پەیوەندی نێوان هەر دیاردەیەکی سیاسی و ئەو هۆکارانەی تەحەکوم بە بوونیەوە دەکەن بەرجەستە دەبێت. کە ئەمیش دەکرێت لەڕێگەی زانستی سیاسەتەوە بەچاودێرییەکی بەردەوام و بەشێوەیەکی بابەتیانە وەک پەیوەندی نێوان هۆکار و دەرئەنجام (السبب والنتیجة) بەشێوەی چەند یاسایەکی زانستی دابڕێژرێت.

ئەم هەوڵە مەنهەجیانەی مۆنتسکیۆ کەلە سەدەی هەژدەیەمدا گرنگترین هەوڵی بەزانستکردنی مەعریفەی سیاسی بوون. هەموو ئەم دەستپێشخەرییانە، ئاماژەبوون بۆئەوەی کە دەکرێت سیاسەت ببێتە بابەتی زانست، ئەمەش دواتر بووە زەمینەیەکی پتەو بۆ پەرەسەندنی زانستی سیاسەت لە مەعریفەیەکی پەرتەوازەوە بۆ مەعریفەیەکی مەنهەجی ڕێکخراو.

### ❖ زانستی سیاسی نوێ:

بەگشتی یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی سەدەی نۆزدە سەرهەڵدانی شۆڕشی زانستی بوو. کە هاوکات لە پاڵ ئەم شۆڕشەدا، چەند گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە زانستە سروشتیەکاندا ڕوویدا. بەدوای ئەمانیشدا زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پەرەسەندنێکی بەرچاویان بەخۆیەوە دی هەم لەڕووی بابەت و هەم لەڕووی مەنهەجیشەوە. لەڕووی بابەتەوە زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان توانیان بابەتێکی تایبەتمەند و سەربەخۆ بۆخۆیان دەستنیشان بکەن و توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەن. لەڕووی مەنهەجیشەوە توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ئەو ڕێبازی توێژینەوانەی لە زانستە سروشتییەکانیان خواستبوو، بایەخیان بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدا وەک ئەوەی کەلە واقیعدا هەن نەک بەپێی بیروباوەڕە پێش وەخت و باوەکان. ئەمەش بە چاودێریکردنی واقعی ئەو دیاردانە و توێژینەوەی ئەو ڕێکخستنەی لە بوون و بەڕێوەچوونیاندا هەیە. هەروەها کەشفکردنی ئەو هۆکارانەش کە دەکەونە پشت سەرهەڵدان و لە ناوچوونیان.پاشان دارشتنی چەند یاسایەکی گشتی یان دانانی چەند بنەما و بیردۆزێک کە دواتر لە ئاستی کرداریدا تاڕادەیەک توانای ئەزموونکردن و سەلماندنی ڕاستی و دروستییان هەبێت.

هەموو ئەمەش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بووە بنچینەی دابڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بیروڕا ڕەوشتی و باوەکان و، دواتریش بووە هۆکاری سەربەخۆبوون و جیابوونەوەی ئەم زانستانە لەیەکتر، بەتایبەتیش زانستی ئابووری و ئامار و یاسا و کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و مێژوو.

بەڵام ئەگەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەم واتایە بۆ بە زانستیکردنی ئەو زانستانەی سەرەوە کارێکی تاڕادەیەک ئاسان بووبێ، ئەوا بۆ بەزانستیکردنی سیاسەت و مەعریفەی سیاسی کارێکی زێدە زەحمەت بوو، ئەمەش هەم بەهۆی ئاڵۆزی دیاردەی سیاسەت و فرەچەشنی ئەو هۆکارە ماددی و مەعنەویانەی کاریگەرییان لەسەری هەیە، هەمیش بەهۆی کاریگەری بیروڕای توێژەران و بەها ڕەوشتییەکانیان لەسەر لێکدانەوە و تێگەیشتنیان بۆ دیاردە سیاسەکان. لەبەئەوە زانستی سیاسەت جیاواز لە زانستەکانیتر تەنها لە سەدەی بیستدا توانی ببێتە زانستێکی سەربەخۆ.

کەواتە بەوپێیەی هەوڵی بەزانستیکردنی سیاسەت، هەوڵێکی کۆنە دەبوو زانستی سیاسەت لە پێش هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکانیترەوە وەک زانستێکی سەربەخۆ و تایبەتمەند

دەربکەوێت. بەڵام بەپێچەوانەوە زانستی سیاسەت تارادەیەک دواهەمین زانستی کۆمەڵایەتییە کە سیفەتی زانستیبوونی تیا بەرجەستە ببێت چ لەڕووی بەکارهێنانی مەنهەج و، چ لەڕووی دەستنیشانکرنی بابەتیشەوە.

وێڕای هۆکارەکانی سەرەوە، ئەم درەنگ پەرەسەندنەی زانستی سیاسەت لە چاو زانستە کۆمەڵایەتییەکانیتر، بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە بوو، ئەوانیش:

١) گومانکردن لە توانای بەکارهێنانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی و مەنهەجەکانی لە توێژینەوەی دیاردە سیاسیەکاندا. سەرچاوەی ئەم گومانکردنەش هەندێکجار لەلایەن دەزگا فەرمانڕەواکانەوە بوو، کە ڕایان وابوو سیاسەت هونەرە و تەنها مرۆڤی بەهرەمەند توانای ئەنجامدانی هەیە، نەک زانست بێت و بە خوێندن و فێربوون دەست بکەوێ.

٢) نەبوونی کەسانی تایبەتمەند و پسپۆڕی ئەکادیمی لە زانستی سیاسەتدا. بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی بایەخیان بەم بوارەدەدا، یان کەسانی نائەکادیمی بوون، وەک ئەدیب و ڕۆژنامەنوسەکان، یان ئەگەر ئەکادیمیش بوونایە ئەوا پسپۆڕی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بوون وەک کۆمەڵناس و یاساناس و مێژوناس و دەروونناسەکان.

لەم چوارچێوەیەشدا سەرجەم ئەو بابەتانەی جێی بایەخی فیکری سیاسی بوون، بەهۆی ئەو هۆکارنەی سەرەوە، ببوونە بابەتی هەندێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیتر، بەتایبەتیش کۆمەڵناسی و ئابووری و یاسا. بۆیە بابەتی زانستی سیاسەت لە نێو ئەم زانستە کۆمەڵایەتیانەدا تەواو پەرتەوازە ببوو. هەر لەبەرئەم هۆکارانەشبوو کە زانستی سیاسەت زۆر درەنگ توانی بابەتێکی تایبەتمەند بۆخۆی دەستنیشانبکات و، زۆربەی کات هەوڵدەدرا بابەتێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیترەوە بۆ زانستی سیاسەت بخوازرێت. بۆیە زاڵبوون بەسەر هەموو ئەم گرفتانەدا کارێکی ئاسان نەبوو تا ئەو کاتەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی زانا و توێژەرانی سیاسەت توانیان هەندێک لەم گرفتانە کەم بکەنەوە و زانستی سیاسەت وەک مەعریفەیەکی مەنهەجی ڕێکخراو دەربکەوێت.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بابەتەی باسمانکرد، دەبینین زانستی سیاسەت لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە بە پرۆسەیەکی پەرەسەندنی پرگرفتدا تێپەڕیووە، کەلە هەندێ قۆناغدا هەنگاوی گەورەی ناوە و لە هەندێک قۆناغی دیکەشدا دووچاری ئاستەنگی گەورە بۆتەوە. ئەوەی لێرەدا شایانی باسکردن بێت گرنگترین هەنگاوەکانی پێشکەوتنێتی، کە لێرەدا باسیان دەکەین:

**یەکەم/ زانستی سیاسەت لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی:**

لەو ماوەیەدا گرنگترین هەنگا و بریتییە لە دانپێدانانی ڕەسمی بە زانستی سیاسەت لە هەندێک زانکۆ و پەیمانگای وڵاتانی ڕۆژئاوا و دامەزراندنی دەزگا و بەشی تایبەت بە خوێندنی، بەم شێوەیە:

- ساڵی ١٨٥٦ زانکۆی کۆلۆمبیا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کورسیەکی سەربەخۆی بۆ زانستی سیاسەت تەرخانکرد، کە پرۆفیسۆرێکی کۆچەری ئەڵمانی بەناوی "فرانسیس لیبەر" گرتیەدەست.
- ساڵی ١٨٧٢ خوێندنگەی ئازاد بۆ زانستە سیاسیەکان لە پاریس دامەزرا. هۆکاری دامەزراندنی ئەم خوێندنگەیە شکستخواردنی فەرەنسا بوو لە بەرانبەر ئەڵمانیا لە جەنگی ساڵی ١٨٧٠ دا. کە بەڕای فەرمانڕەوایانی ئەوسای فەرەنسا هۆی شکستهێنانی وڵاتەکەیان لەو جەنگەدا، نەبوونی کارمەندی پسپۆڕ بووە لە بواری (سیاسەت و کارگێڕی گشتی)دا. بۆیە ئەم خوێندنگەیە دامەزرا تاکوو ئەرکی ئامادەکردنی پسپۆڕانی ئەو بوارانە لە ئەستۆبگرێ.
- ساڵی ١٨٨٠ خوێندنگەی زانستی سیاسەت لە ئەمریکا دامەزرا، کەلە دوای ساڵی١٨٩٠ەوە کرایە کۆلێژی زانستی سیاسەت لە زانکۆی کۆلۆمبیا. هۆکاری دامەزراندنی ئەم دامەزراوە زانستییانەش بۆ سیاسیەت لە ئەمریکا ئەنجامدانی چاکسازیبوو لە دام ودەزگا حکومیەکانی ئەو وڵاتەدا. کەلە دوای جەنگی ناوخۆیی ئەمریکا (١٨٦١-١٨٦٦) دوچاری گەندەڵییەکی گەورە ببوو، کە نەئەتوانرا تەنیا بە چاکسازییە یاساییەکان چارەسەربکرێ، بەڵکو بوونی کادر و پسپۆڕانی بواری سیاسەت مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەو چاکسازیانە بوو.

بەگشتی لەم ڕووەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ببووە سەرمەشقی پەرەسەندنی زانستی سیاسەت.

**دووەم/ زانستی سیاسەت لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا:**

لەم قۆناغەدا زانستی سیاسەت پەرەسەندنێکی گەورەتری بەخۆیەوە بینی و، توێژینەوە سیاسیەکان پاڵپشت بە بنەماکانی ڕێبازی واقیعی، زیاتر بایەخیان بە فراوانکردنی بابەتی زانستی سیاسەت دەدا، بەمەبەستی لێکدانەوەی چەند دیاردەیەکی سیاسی نوێ لە ژیانی سیاسیدا، وەک پارتە سیاسییەکان، گروپەکانی فشار، ڕای گشتی، هەڵبژاردن و ڕۆژنامەگەری. ئەمەش لە پێناو گرنگیدان بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی چالاکی سیاسەت و، دۆزینەوەی ئەو لایەنە

شاراوانەی ڕەفتارە سیاسیەکان کە کاریگەرییان لەسەر بەڕێوەچوونی ژیانی سیاسی هەیە. لە پاڵ ئەم بایەخدانە فراوانە بە دیاردە ناوخۆییەکانی وڵات، هاوکات مەیلێکی ئاشکراش هەبوو بۆ تــوێژینەوەی دیــاردە سیاســیەکان لەســەر ئاســتی سیاســەتی نێــودەوڵەتی و پەیوەنــدییە نێودەوڵەتیەکـان. لەم چوارچێوەیەشـدا، توێژینەوەکـانی چەنـد زانـایەکی ئەمریکـی وەک "شـارڵ میریام و هارۆڵد لاسوێل" لە زانکۆی شیکاگۆ، ڕۆلێکی بەرچاویـان لە داڕشـتنی ڕەوتێکـی نـوێی تـوێژینەوەی سیاسـی هەبـوو. هـۆی برەوسـەندنی ئەو ڕەوتە نـوێیە لە تـوێژینەوەی سیاسـی لە ئەمریکا چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی گرنگی لە پشت بوو، وەکوو:

١) قەیرانی دیموکراسی و پێویستی چاکسازیکردنی دامەزراوە حکومیەکان.

٢) گرفتی ئاشتی لە جیهاندا و پێویستی ڕێکخستنی کاروبارە نێودەوڵەتیەکان.

٣) برەوسەندنی ئایدیۆلۆژیا و بزاڤە توندڕەوەکانی وەک نازیزم و فاشیزم و کۆمۆنیزم.

هاوکات لەبەرامبەر ئەم بەرەوپێشچوونە لە ئەمریکا، زانستی سیاسەت هێشتا لە زانکۆکانی فەڕەنسا بە شێوەیەکی ڕەسمی دانپێدادا نەنرابوو. بۆیە توێژینەوەی سیاسەت هەندێکجار لەگەڵ توێژینەوەی مێژوودا تێکەڵ ئەکراو هەندێک جاریش لەگەڵ توێژینەوەی یاسادا. لەگەڵ ئەمەشدا لەژێر کاریگەری ئەو ڕەوتە دەستوورییەی لە توێژینەوەی دیاردە سیاسیەکاندا باوبوو، هەوڵێکی زۆر لەلایەن زانایانی یاسای دەستوورییەوە درابوو، تـاکوو لێکۆڵینەوەکانی یاسـای دەسـتووری لەسـەر بنەمـای دوو ڕێبـازی سـەرەکی دابمەزرێنن، ئەو دوو ڕێبـازەش بریتیبـوون لە: ڕێبـازی یاسـایی و ڕێبـازی سیاسـی. گرنگترین هەوڵـیش لەم ڕەوتەدا بریتیبوو لە کارەکـانی پرۆفیسـۆر "جـۆرج بیـردۆ"، کە دواتـر بـووە بنچینـەی سـەربەخۆبوونی زانسـتی سیاسـەت لە فەڕەنسـادا بەتایبەتیش لە زانستە یاساییەکان.

بەهەرحاڵ وەک دەبینین زانستی سیاسەت لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانیەکەدا هەنگاوێکی گەورەی نـاوە، چ لە بـواری دۆزینـەوەی مەنهەجەکـانی توێژینەوەیـدا و، چ لە بـواری سەربەخۆبوونی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیتر. بەڵام لەبەرئەوەی پەرەسەندنی زانستی سیاسەت لەم قۆناغەدا زیاتر بەو ڕەوتە فیکری و زانستیانە کاریگەر بووە کەلە زانکۆکانی هەر وڵاتێکدا باوبووە، لەبەرئەمە دەبینین زانستی سیاسەت لە ئەمریکا زیاتر سروشتێکی مرۆیی-کۆمەڵایەتی وەرگـرت، کەچـی لە فەڕەنسـا زیـاتر سروشـتێکی یاسـایی-دەسـتووری وەرگرتـووە. بـۆیە لەم قۆناغەدا زۆربەی کات ئاماژە بۆ دوو جۆر زانستی سیاسەت کراوە، یەکەمیان: زانسـتی سیاسـی ئەمریکی و، دووەمیشیان: زانستی سیاسـی فەڕەنسـی. هەنـدێ جاریش ئەم ناولێنـانە مەودایەکـی

فراوانتری پێدراوە و لەو دوو وڵاتەوە خراوەتە سەر دوو ئاستی کیشوەری-ژیاری جیاواز، ئەمەش بە جیاکردنەوەی "زانستی سیاسی ئەنگلۆسەکسۆنی" لە "زانستی سیاسی لاتینی".

**سێیەم/ زانستی سیاسەت لە ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی:**

ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، قۆناغی ڕاستەقینەی پەرەسەندن و سەربەخۆبوونی زانستی سیاسەت بوو. لەم قۆناغەدا چەند ڕێبازێکی زانستی سەربەخۆ بۆ توێژینەوەی سیاسی گەڵاڵە بوون، وەک ڕێبازی ڕەفتارگەرایی، ڕێبازی دوای-ڕەفتارگەرایی و ڕێبازی ئەرکگەرایی. هاوکات لەم قۆناغەدا، زانستی سیاسەت لە وڵاتانی جیهاندا وەک یەک زانستی سەربەخۆی خاوەن بنەما و مەنهەج و چەمک و ئامرازی توێژینەوەی تایبەت دەرکەوت کە هەندێکجار بە "زانستی سەردەم" ناوی دەهێنرێت. بۆیە لە زۆربەی زانکۆکانی وڵاتانی جیهاندا بەڕەسمی دانیپێدانرا و چەندین زانکۆ و کۆلێژ و بەش و پەیمانگای تایبەتمەند بەناوی "زانستی سیاسەت" و "زانستە سیاسیەکان" دمەزرا، بەتایبەتی لە ئەمریکا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئینگلترا، سوید، بەلژیکا، دانیمارک ئوستراليا و ... هتد. ئەم پەرەسەندنەش دەرئەنجامی چەندین هۆکاربوو، وەک:

١) فراوانبوونی ئازادییە فیکرییەکان.
٢) زیادبوونی ئەرکەکانی دەوڵەت لە پاراستن و بەدیهێنانی ماف و پێداویستیە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی هاووڵاتیان.
٣) بەرەوپێشچونی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بۆ زیادکردنی توانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە چارەسەرکردنی گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.
٤) دەرککردن بە گرنگی زانستی سیاسەت، هەم بۆ پێگەیاندنی توێژەرانی تایبەتمەند و کادیرانی ئەم بوارە و، هەمیش بۆ گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی سیاسی هاوڵاتیان.
٥) زیادبوونی گرنگی پێدانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە زانستی سیاسەت، بە تایبەتی ڕێکخراوی یونسکۆ کەلە سالانی ١٩٤٨ بۆ ١٩٤٩دا هاوکارێکی گەورەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانستی سیاسەت" بوو، لەو کاتەشەوە تا ئێستا چەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی فراوان بۆ پەرەپێدانی بنەماکانی زانستی سیاسەت و بابەت و ڕێبازەکانی ئەنجامداوە.

**{ئەوەی جوانتر قسە بکات، بێگومان کەسێکە جوانتر بیر دەکاتەوە}**

**"شەریعەتی"**

## باسی شەشەم:

## ڕێبازەکانی شیکردنەوەی سیاسی لە زانستی سیاسی هاوچەرخدا

بە درێژایی سەدەی بیستەم و، لە چوارچێوەی هەوڵی بە زانستیکردنی زانستی سیاسەتدا چەند ڕێبازێکی زانستی سەربەخۆ بۆ تویژینەوەی سیاسی گەڵاڵە بوون، وەک ڕێبازی ڕەفتارگەرایی و، ڕێبازی دوای ڕەفتارگەرایی و، ڕێبازی بونیادی-ئەرکگەرایی. دیارە لە زانستی سیاسەتدا چەند ڕێبازێکی دیکە هەن، بەڵام ئەم سێ ڕێبازە بە هەنگاوێکی گرنگی پەرەسەندنی زانستی سیاسی نوێ دەژمێردرێن.

❖ **ڕێبازی ڕەفتارگەرایی (المذهب السلوكي):**

ڕێبازی ڕەفتارگەرایی لە زانستی سیاسەتدا ڕێبازێکی تویژینەوەی نوێ بوو، مێژووی دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە. ئەم ڕێبازە لەسەر دەستی زانا سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەهاوکاری ئەو زانا ئەوروپاییانەی کە کۆچیانکردبوو بۆ ئەو وڵاتە دامەزرێنرا. دواتریش لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، وەک شۆڕشێکی مەنهەجی لە زانستی سیاسەت برەوی سەند.

لە ڕاستیشدا ڕێبازی ڕەفتارگەرایی وەک شێوازێکی گونجاو بۆ شیکردنەوی سیاسی، بەرانبەر هەردوو میتۆدی فەلسەفی و میتۆدی یاسایی برەوی سەند، کە دواتر لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بووە زەمینەیەکی بەهێز بۆ پێشکەوتنی لقە زانستێکی گرنگی زانستی سیاسەت کە ئەو لقە زانستەش بریتییە لە "کۆمەڵناسی سیاسی".

ڕێبازی ڕەفتارگەرایی زیاتر گرنگی بە تویژینەوەی ڕەفتاری تاکەکان و کۆمەڵەکان دەدات، نەک شکڵی یاسایی دەوڵەت و حکومەت و دامەزراوە سیاسییەکان. لەبەرئەوەی ڕەفتاری تاکەکەسەکان زیاتر گونجاون بۆ ئەوەی وەک دیاردەی واقیعی چاودێریان بکرێت و تێبینی لەبارەیانەوە تۆمار بکرێت و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاری و ژمارە و ئاماریان لەسەر کۆبکرێتەوە. بەمەش دەکرێت بە شێوازێکی زانستییانەتر ئەم ڕەفتارانە بپێوین و ڕادەی کاریگەرییان بزانین، بەتایبەتیش ڕەفتارە سیاسییەکان، وەک دەنگدان، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و ڕاپرسییەکانی ڕای گشتی.

❖ **ڕێبازی دوای – ڕەفتارگەرایی (مذهب ما بعد السلوكية ):**

سەرجەم زانایان بیروڕاکانی ڕێبازی ڕەفتارگەراییان پێ قبوڵ نەبوو، بۆیە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بەمەبەستی چاکسازی کردن لە زانستی سیاسەتدا بزوتنەوەیەک

دەرکەوت، کە لەلایەن چەند زانایەکی سیاسییەوە پێشەوایەتی دەکرا، "دەیڤید ئیستن" بزوتنەوەکەی ناونان (شۆڕشی ڕێبازی دوای-ڕەفتارگەرایی).

ئەم ڕێبازە ڕای وایە ئارەزووی بە ژمارەکردنی دیاردەکان وای لە زانایانی ڕەفتاری کردووە زۆربەی کات بایەخ بە بابەتی لاوەکی و بێ سوودی وەک ڕەفتاری دەنگدەران بدەن و کەم جار گرنگی بە بابەتە سیاسییە گەورەکانی وەک هۆکارەکانی جەنگ بدەن، بەڵکو پشتگوێشیان بخەن. کەواتە کرۆکی بیروڕای ڕێبازی دوای-ڕەفتارگەرایی ئەوەیە کە پێویستە بایەخێکی زیاتر بە ڕۆڵی بەهاکان لە شیکردنەوەی سیاسیدا بدرێت، بۆیە نابێت زیاد لە پێویست جەخت لەسەر ئەزمونگەرایی و بابەتگەرایی نەکرێت. بەمەش زانستی سیاسەت لە زانستی پوختەوە دەگۆڕێت بۆ زانستی سودگەرا، بەواتای بەکارهێنانی ئەو ئەنجامانەی زانستی سیاسەت پێیاندەگات بۆ خزمەتی کۆمەڵ و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە گەورەکانی کۆمەڵ، نەک هەر تەنیا توێژینەوە و شیکردنەوەیان. شایانی باسیشە ئەم بیروڕایانەی ڕێبازی دوای-ڕەفتارگەرایی، دواتر لەسەر دەستی زانای ئەمریکی ئیستن بووە بنچینەی پەرەپێدانی میتۆدێکی توێژینەوەی سیاسی نوێ کە ئەویش "میتۆدی شیکردنەوەی سیستەم"ی بوو.

❖ **ڕێبازی بونیادیی – ئەرکگەرایی (المذهب البنائي – الوظيفي):**

ئەم ڕێبازە چەمکی ئەرکی لە زانستی زیندەوەرزانی خواستووە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو چالاکیانەی کە پارێزگاری لە جەستەیەکی زیندوو دەکەن. ئەمەش درێژکراوەی میتۆدێک بوو بەناوی "ڕێبازی ئەرکگەرایی" کە سەرەتا لە زانستی کۆمەڵناسیدا بەکاردەهات لەسەر دەستی "تالکۆت بارسۆنز، ماریۆن لیڤن".

لەم قۆناغەدا ڕێبازی ئەرکگەرایی تێبینی ئەوەی کردبوو کە ڕەگەزەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە دۆخی پشت بەیەکتربەستن دان، بەشێوەیەک کە هەر ڕەگەزێک لەو ڕەگەزانە ئەرکێک یان زیاد لە ئەرکێک لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتییدا ئەنجام دەدات. بەبڕوای لایەنگرانی ڕێبازی بونیادیی-ئەرکگەرایی، کۆمەڵگا بریتییە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی گشتی کە چەند بونیادێک لەخۆدەگرێت، هەریەک لەم بونیادانەش ئەرکێکیان هەیە، کە لەلایەک پێداویستی بونیادەکە خۆی فەراهەم دەکەن، لەلایەکی تریش سەقامگیری و ئارامی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە دابین دەکەن.

بۆیە ئەرکی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی، وەک بونیادێکی ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتی، ئەوەیە کە لەلایەک کار بۆ هێنانەدی ئەم سەقامگیرییەی بکات، لەلایەکی تریش ئەو

ئامرازانە دابین بکات کە بەردەوامی بەم سەقامگیرییە دەدەن. بەم پێیەش لای ئەم ئاڕاستەیە، سیاسەت ئامرازێکە بۆ هێنانەدی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵ، بەتایبەتیش سەقامگیری. هەروەها سیاسەت هەندێکجار ناوەندێکە بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرفتانەی لە دیاردەی ململانێ دروست دەبن.

**﴿ئەگەر یەک بین و یەک بگرین، لەگەڵ یەکدا بژین و بمرین، زاڵ دەبین و سەردەکەوین، بەرز دەبین و نانەوین﴾**

**"پێشەوا قازی محەممەد"**

## کۆمەڵێک زاراوەی سیاسی:

تێگەیشتن و فێربوونی هەر چەمک و زاراوەیەک لە لایەن توێژی خوێنەرانی بواری سیاسەت، یەکێکە لەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیەتی پێیان ئاشنابێت، بەتایبەت ئەو زاراوانەی کەوا زۆر بەکاردەهێنرێن. لێرەدا هەندێک لەو زاراوانەی کەلە بواری سیاسەتدا پێویستە خوێنەرانی ئەم بوارە فێریان ببێت و لێیان تێبگات دەناسێنم.

- **هاوپەیمانێتی سیاسی/ Political Alliance/ التحالف السياسي:** جۆرێک لە یەکگرتن و پێکەوە کارکردنی بە شێک لە پارت و گروپە سیاسیەکان کە بیر و بۆچوون و ئامانجەکانیان لێکەوە نزیکە، وەک پێکهێنانی کابینەی حکومەت لە لایەن چەند حزبێکەوە، لەکاتێکدا کەوا هیچ کام لە حزبەکان دەنگی پێویستیان بەدەست نەهێناوە و زۆرینەی کورسیان لە پەرلەمان بۆخۆیان دەستەبەر نەکردووە، بۆیە دەبینین ئەو حزبانە هاوپەیمانیەتیەک درووست دەکەن بۆ ئەوەی کابینەی حکومەت درووست بکەن.
- **ڕادیکاڵیەت/ Radicalism/ الجذريه:** ڕادیکاڵیزم گوزارشت کردنە لە ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی و گۆڕانێکی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا، وە ڕادیکاڵیزم بە هەموو ئەو بزوتنەوە و بیروبۆچونانە دەگوترێت کە دەیانەوێت واقعێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕن.
- **ئۆتۆکراسی/ Autocracy/ أوتوقراطية:** ئۆتۆکراسی حوکمی بێسنوری تاکە کەسێکە، کەوا ئەو تاکە کەسە بە شێوەیەکی ئاشکرا هەژمونی هەیە بە سەر دەسەڵاتدا و، یاسایەک نیە ئەرک و کردەوەکانی چاودێری بکات.
- **جیۆپۆلەتیک/ Geopolitics/ الجغرافية السياسية:** ئەم زاراوەیە لە دوو ووشە پێکهاتووە (جیۆ) بە واتای زەوی یان جوگرافی، (پۆلەتیک) بەواتای سیاسەت.واتە جیۆپۆلەتیک بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واقیعە جوگرافیەکان بە مەبەستی پێدانی ئاڕاستە و تەوژمێکی سیاسی. یاخود بە واتایەکیتر جیۆپۆلەتیک لە گرنگی شوێنی جوگرافی وکاریگەریەکانی بەسەر واقع و هاوکێشە سیاسیەکان دەکۆڵێتەوە.
- **فەندەمێنیتالیزم/ Fundamentalism/ الأصولية:** فەندەمێنیتالیزم ئەو بۆچوونەیە کەوا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆسەر سەرچاوە ئەسڵی و بنەڕەتیەکانی بیروباوەڕەکەی خۆی. وەک فەندەمێنتالیزمی ئاینی.
- **ئەرستۆکراسی/ Aristocracy/ الأرستوقراطية:** ئەرستۆکراسی چینی باڵای وڵاتە کەوا حوکمی وڵات دەکات، لە زمانی سیاسەتدا ئەرستۆکراسی بە "حوکمی پیاوماقوڵان" دەوترێ، هەروەها زاراوەی ئەرستۆکراسی لە یۆنانی کۆن وسەدەکانی کۆندا بەو حکومەتە دەگووترا کەوا

دەسەڵاتدارەکانی بریتیبوون لە میر و بەگ و پیاوماقوڵان و بورژوازییەکان. بەڵام مەبەست لەزاراوەی ئەرستۆکراسی لەچاخی نوێدا حکومەتی چینی باڵا دەستە.

- **سۆسیالیزم/ Socialism/ الاشتراكية:** سۆشیالیزم خۆی لە بیریکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە کە هەوڵ دەدات سەروەت و سامانەکان دادپەروەرانە دابەشبکرێن و بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگای تیادا ڕەچاوبکرێت نەک بەرژەوەندی تاکەکان بە تەنها.
- **پرۆلیتاریا/ Proletariat/ طبقة العمال:** پرۆلیتاریا چینی کرێکارە کەوا هیچ داهاتێکی ئەوتۆیان نیە کە ژیانیان بەباشی پێ زامن و دابین بکرێت جگە لە هێزی دەست و بازوی خۆیان نەبێت. وەبژێوی ژیانیان تەنها بەو برە پارەیە دابین دەکەن کە ڕۆژانە لە بری کرێی کارەکەیان وەری دەگرن.
- **تۆتالیتاریەت/ Totalitarianism/ الشمولية:** تۆتالیتاریەت مەزهەبێکە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە یەک کەس و یەک حزبدا دێتە کایەوە، کە حزبێکی سیاسی دەسەڵاتدار قۆرخی دەسەڵاتی سیاسی دەکات و هەوڵدەدات بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەموو هێزەکانی کۆمەڵگا لە پێناو ئامانج وبەرژەوەندیەکانی حزب، لەسەر حسابی لە نێوبردنی سەربەخۆی تاکەکەس.
- **ئۆپۆزسیۆن/ Opposition/ المعارضة:** ئۆپۆزسیۆن بەو حزب و لایەنانە دەگوترێت کەلە ناو پێکهێنانی دەسەڵات و حکومەتدا بەشدارنین و ئامانجیان گەیشتنە بەدەسەڵات لە هەر هەلێکی نزیکدا.
- **ئۆلیگاریشی/ Oligarchy/ حكم الأقلية:** ئۆلیگاریشی لەزمانی سیاسیدا بەمانایی دەسەڵاتدارێتی کەمایەتیەک دێت کە ئەو کەمایەتیە یان ئەو تاقمە چ تاقمێکی دەوڵەمەندان بێت یان تاقمێکی دەسترۆیشتو بێت کە دەسەڵاتیان بەسەر حکومەتدا هەیە و هەموو هەوڵێکیان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی کەمایەتی خۆیانە.
- **پارت/ Party/ حزب:** حیزب ڕێکخراوێکی سیاسیە، کە کۆمەڵە کەسانێک بیروڕایەکی هاوبەشیان هەیە لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکدا کۆدەبنەوە و، کاردەکەن بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو. یان بەواتایەکیتر حیزب بریتییە لە ڕێکخستنی کۆمەڵە خەڵکێکی هاوبیر و هاو ئایدیا لە پێناو دروستکردنی ڕای گشتی بە ئامانجی گەیشتن بەدەسەڵات.
- **تاکگەرایی/ ئیندیڤجواڵیزم/ Individualism/ فردية:** مەزهەبێکە گرنگی و بایەخ بەتاک دەدات لە بەرانبەر کۆدا، وە ئەم ڕێبازە بڕوای بەگرنگی و بایەخی تاک هەیە و پێی وایە سەرجەمی بەهاو ماف و ئەرکەکان لە فەردانیەتەوە هەڵدەقوڵێن وسەرچاوە دەگرن.

- **فیــوداليزم/ دەرەبەگــايەتی/ Feudalism/ إقطاعيــة:** دەرەبەگــایەتی سیســتەمێکی کۆمەڵایەتییە کە لەو سیستەمەدا دەسەڵات لە نێوان خاوەن زەوییە گەورەکاندا دابەش بووە کە هەر خاوەن زەویەک یان ئاغایەک هەندێ ڕەعیەتی هەیە، کە لەبەرانبەر خزمەتکردن بە ئاغا و دەرەبەگ دەتوانن کەڵک و سود لەو پارچە زەوییە وەربگرن کەوا دەرەبەگ پێیداون.
- **کۆنســەرڤاتیزم/ کۆنەپارێزی/ Conservatism/ المحافظـة:** ڕەوتێکی سیاسیە پێداگری لەسەر مانەوەی دامودەزگا کۆن و لە مێژینییەکان و بیر و باوەڕە دێرینەکان دەکات و، دژی دامودەزگــا و ئەندێشــە نوێیەکــان ڕادەوەســتێ، وە گرنگتــرین و بنەڕەتتــرین تایبەتمەنــدی کۆنسەرڤاتیزم ئەوەیە کەوا دژی ڕادیکالیزم و شۆڕشە.
- **کاپیتــالیزم/ ســەرمایەداری/ Capitalism/ رأسـمالية:** سیسـتەمێکی سـەرمایەدارییە کە متمانە دەکاتە سەر موڵکیەتی تایبەتی و ڕکابەری بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ سود و قازانج، وە لەم سیستەمە سەرمایەداریەدا هەموو کەس مافی هەیە سامانی خۆی زیاد بکات و ڕێگە لە ئازادییە ئابوورییەکەی نەگیرێت.
- **مــافی بڕیــاردان لە چــارەنوس/ Self–Determination/ حــق تقریــر المصــیر:** بریتییە لە مافی هەر گەل و میللەتێک کە دواڕۆژی خۆی بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی دەست نیشان بکات و، خۆی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات.
- **گلۆبالیزەیشن/ Globalization/ بەجیهـانیبوون/ العولمـة:** گلۆبالیزەیشن چەمکێکی فرە ڕەهەنـدە و، مانــای بەجیهــانیکردنی بوارەکــانی سیاســی، ئــابووری، کلتــووری، کــۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن دەگرێتەوە، بە جۆرێک سنوری وڵاتانی کاڵکردۆتەوە لە بەردەم بڵاوبونەوەی ئایدیا و چــالاکییە ئــابووری و داراییەکــان و، چەمــکە سیاســیەکان و، دابــوونەریتە کۆمەڵایەتیەکـان. بە بڕوای کۆمەڵناسی بەریتانی "مارتین ئالبرۆ" (Martin Albrow)، بەجیهانیبوون ڕێگوزەرێکە، کە خەڵکی جیهان لە کۆمەڵگاییەکی یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە.
- **دیموکراسی/ Democracy/ الديموقراطية:** دیموکراسی پێناسەی جۆربەجۆری بۆکراوە. بەڵام پێناسـەکەی "ئەبراهـام لینکۆڵن" (Abraham Lincoln) لە بیر مێژوو ناچێتەوە، کاتێک وتـی "دیموکراسی بریتییە لە حوکمی گەل، لە ڕێگەی گەلەوە و بۆ گەل".
- **ڕیفـۆرم/ Reform/ الإصــلاح:** واتە چــاککردن و گــۆڕینی بــارودۆخێکی سیاســی و کــۆمەڵایەتی یـان ئـابووری بەبـێ ئەوەی بناغەکـانی ئەم بـارودۆخە تێـک بـدرێت یـان گـۆڕێنێکی هەمیشەیی وبنەڕەتیان بەسەردا بهێنرێت.

- **جێگرەوە/ ئەڵتەرناتیڤ/ Alternative/ البديل:** ئەڵتەرناتیڤ واتە دانانی شتێک لە بری شتێکی دیکە، کە هەستێت بەهەمان کار. بۆ نموونە دانانی سیستەمێک وەکو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ سیستەمێکی تر کەبتوانێت بەشێوەیەکی باشتروچاکتر هەمان کار بکات.
- **بۆرژوازی/ Bourgeoisie/ البورجوازية:** بۆرژوازییەت لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەو چینی بازرگان و خاوەنکارانە دەوترا کە لە نێوان چینی خانەدانان و چینی کرێکاراندا پێگەیەکی مامناوەندی هەبوو. بە هەرەسهێنانی سیستەمی دەرەبەگایەتییش، چینی بۆرژوازی دەستی بەسەر پرسە ئابووریی و سیاسییەکاندا گرت و سوودی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیی بینی؛ تا بوو بە خاوەنی سەرمایەی کشتوکاڵی، پیشەسازیی و خانووبەرە، کە ئەوەش بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی نەتەوەیی لەدژیان تا لەڕێی بەزۆر لێسەندنی سامانی ئابووریی و دەسەڵاتی سیاسییەوە دەسەڵات وەربگرن. بەلای سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانەوە بۆرژوازی بەو چینە قۆستراوە سەرمایەدارییەی نێو حکومەتانی دیموکراتیی ڕۆژئاوا دەوترێت کە خاوەن هۆکاری بەرهەمهێنانن.
- **تەکنۆکرات/ Technocrat:** ئەم زاراوەیە یۆنانییەو لە دوو وشە پێکهاتوە (تەکنۆ) واتە پیشە، (کراتیش) واتە دەسەڵات، بەهەردوو وشەکەوە واتە دەسەڵاتی خاوەن پیشەکان. واتە دەسەڵات لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و تەکنۆکراتەوە بەڕێوە دەچێت و میکانزمی دەسەڵات لەلایەن تەکنۆکراتەکانەوە دادەڕێژرێت.
- **ستراتیژیی/ Strategy:** ستراتیژی بریتییە لەنەخشەکێشان و بەگەڕخستنی ئامرازەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دوورەکان.
- **تەکتیک/ Tactics:** تەکتیک بریتییە لە نەخشەکێشان و بەکارهێنانی وەسیلەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نزیکەکان.

| | |
|---|---|
| | **{مەرجی سەرکەوتن، بوونی ئیرادەیەکی بەهێزە}**<br>**"گۆتە"** |

**تەواو ...**

**هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم**